# لە ئەوسای منەوە

# بۆ

# ئێستای تۆ

زیاد ڕەشاد قادر

هەولێر ................................................. ٢٠١٤

* ناوی کتێب: له ئەوسای منەوە بۆ ئێستای تۆ

* نووسینی: زیاد ڕەشاد قادر

* دیزاینی بەرگ: هیوا تاوگۆزی

* تایپ و دیزاینی ناوەوە: نووسەر

* تیراژ: هەزار دانه

* نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠١٤

* شوێنی چاپکردن: چاپخانەی ڕۆژهەلات/ هەولێر

له بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانه گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی

( ٥٨٧)ی سالّی (٢٠١٤)ی دراوەتیّ

*** بە یادی ئەو ڕۆژانەی، لە سایەی ڕۆحی ماندووی**

**ئەواندا، گوڵی تەمەنمان گەز گەز باڵای دەکرد...**

*** بۆ چرکە چرکەی ئەو ڕۆژانەی، بەدیار گەورەبوونی**

**ئێوەوە، دەبینە ڕووبارێك لە ئومێد و چاوەڕوانی...**

**دیارییە**

زیاد ڕەشاد

# ناواخن

بەرایی ------------------------------------------------------------ ٥
خۆزگە لەنێو فرۆکەوە بای بایم لێ دەکردن -------------------------------- ٨
ئای دایە گیان چەندە قەرزداری تۆین ------------------------------------- ١١
ونبوون، ئازاری هەمیشەیی رۆح ------------------------------------------ ١٥
ئەو دەنگەی (یەڵڵا عەسەلیات)ی بیر خستمەوە------------------------------ ٢١
دەتانویست بچمە هارمەنلی ---------------------------------------------- ٢٧
ئەفسوونی دەریا و ماستاو خواردنەوەی ئەوسا ------------------------------ ٣٣
هەستەوە ئەوە بەشێك لە موررووەکانی ملوانکەی منداڵیی تۆن-------------- ٤١
پیرە پیاوەکەی بیوك ئەدا، یا بەفر و فرۆ---------------------------------- ٤٩
لەنێوان بۆقەکانی ئەوسا و ماسییەکانی ئێستادا ---------------------------- ٦٢
چەندە دیمەنێکی خەمناکە ئەزیزێکت نەبێ پێی بڵێی دایە -------------------- ٧٠
گوڵی من لە خەو ڕابە، ئەزیزی دایە و بابە -------------------------------- ٧٦

# بەرایی

ئەم چەند نامەیە، کە لە ماوەی سەفەر کردنم بۆ تورکیا لە ٤ ـ ١٣ / ٦ / ٢٠١٤ نووسیومن، هەر ئەوکات کورتەیەك لە ڕەشنووسی نامەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بڵاو کرانەوە. ڕاستە ناوی (پاداشت)ی کچمم لێ هێناوە و لە میانەیدا لەگەڵ ئەودا دەئاخفم، بەڵام بەر لە ئەو، من ئەم نامانەم بۆ دایکمم نووسیوە، هاوکات بۆ (کاڤار) و خوشك و براکانی و دایکیم نووسیوە، لەم نامانەدا بۆ هەموو ئەو دۆست و خۆشەویستانە دەدوێم، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان یادگارییەکی تاڵ یا شیرینمان پێکەوە لەسەر تێنووسی ژیان تۆمار کردووە، قسە بۆ ئەو هاوسەفەرانە دەکەم، کە ڕاستە لەم سەفەرەدا پێکەوە نین، بەڵام لە سەفەری درێژی ژیان و ڕۆژگار و تەمەن و خوێندنەوە و ڕامان... زۆر دەم پێکەوەین، یا لە یەکەوە نێزیکین، من ئەم نامانەم بۆ هەموو ئەوانەش نووسیوە، کە حەز بە خوێندنەوەی دەکەن، ئیدی لە هەر

کوێیەك بن و بە هەر زمانێك بدوێن و خەڵکی هەر شوێنێکی سەر ئەم گۆی زەمینە بن...

نازانم ئەم نامانە هەر نامەی ئاسایین، یا دەقی ئەدەبیین، یا سەرگوزشتە و یاداشتنامەی ژیانن، یا سەفەرنامەن، یا هیچیان نین! من خۆم لە ناونانی شتەکاندا، هەم دوودڵم هەم هەندێ کۆڵەوار، بۆیە هەر کەسە و چ ناوێکی لێ دەنێ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بزانین چی دەنووسین و بۆ دەنووسین، گرنگ ئەوەیە لە ڕۆح و ناخی یەکتر تێبگەین...

وەك چۆن ئەو سەفەرەم کردووەتە بیانووی نووسینی ئەم نامانە، بە هەمان شێوە لە زۆر شوێنی نامەکاندا، پەڵپم بە ناوی پاداشت و منداڵیەتی ئەوەوە گرتووە، تا قسە لە بەشێکی بیرەوەرییەکانی منداڵیی خۆم بکەم و منداڵیەتی خۆم بنووسمەوە، بەکورتی لەو شوێنانەی کە قسە لە ئێستای ئەو دەکەم، هەر ئەو قسەیە بۆ ئەوسای خۆیشمە، یا کە لە ئەوسای خۆم دەئاخفم، ویستوومە بە جۆرێك لە جۆرەکان قسەکردن بێ لە ئێستای ئەو...

لە کاتی نووسینی نامەکاندا، هەمیشە دوو دیمەنی تا ڕادەیەك پێچەوانەی یەکتریم دەهاتەوە بیر، یەکێکیان هەر لە دیمەنی وردکردنی پیاز دەچوو، کە مرۆ بە دیاریەوە دانیشێ بێ ویستی خۆی چەند تنۆکێك ئەشك لەناو چاویدا قەتیس دەمێنێ، تەنانەت هەندێ جار ئەو تنۆکانە هێڵلانەی چاویش

جێدەهێڵن و بەرەو گۆنا و گەردنی دەڕۆنە خوار. دیمەنی دووەمیش هەر دەتگوت هێشوویەك پەسیرەی ترشیان لە بەر دەمم داناوە، کە بەر لە تامکردنیان ناو دەمت پڕ پڕ دەبێ لە ئاو! بەڵام بەڕاستی لە کاتی نووسین و پێداچوونەوە و خوێندنەوەیاندا، ئەوانەی کە دەبوونە مایەی فرمێسك ڕشتن و قوڵپی گریان، زۆر زێتر بوون لەوانەی دەیانخستمە نێو دونیای تریقانەوە و پێکەنین.

هەموو ئەو خۆشەویستانەی کە ئەم نامانە دەخوێننەوە، هێندەی حەز و تاسە و مەراقم ئەوەیە چێژی لێ وەربگرن و هەست بکەن گوزارشت لە بەشێکی یاداوەری ئەوان دەکات، هەرگیز ئەوەندە خوازیاری ئەوە نیم، بزانم داخۆ بەدیاریەوە قاقا دەکێشن، یا دەدەنە پڕمەی گریان. لەبەرئەوە لە هەر کوێیەکی ئەم نامانە، هەر بڕگە و وشە و ڕستە و پەرەگرافێکی نێو ئەم کتێبە، ئەگەر چێژ و کاریگەرییەکی هەبێ، یا ئەگەر بزانم بەهۆیەوە هەر کەسێ بیرەوەرییێکی خۆی هاتووەتەوە یاد، ئەوا دونیایەك خۆشحاڵ دەبم و بە خەوشی نازانم شانازی بە بیر و قەڵەمی خۆمەوە بکەم، ئەگەر وەهاش نەبوو، ئەوا پێم شەرم نییە لەباتی جارێك سەدان جار داوای لێبوردن بکەم.

**زیاد ڕەشاد قادر**

**هەولێر، ٣٠/ ٦/ ٢٠١٤**

## نامەی یەکەم

# خۆزگە لەنێو فڕۆکەوە باک بایم لیّ دەکردن

**کچەکەم پاداشت سڵاو...**

دوای ئەوەی ئێوارەی ٤ / ٦ /٢٠١٤ لە فڕۆکەخانەی هەولێر خواحافیزیمان لە ئێوە کرد، لەناو فڕۆکە بیرم لەو قسەیەی تۆ و (کاڤار) دەکردەوە، وەختێ هاوینی ٢٠١١، کە یەکەم سەفەری دەرەوەم کرد، زۆر تامەزرۆی بەڕێکردنم بوون بۆ فڕۆکەخانە، تومەز وا تێگەییبوون، تا بەردەمی فڕۆکە دێن و لەوێ من سەردەکەوم بۆ ناو فڕۆکە، پاشان لە یەکێك لە پەنجەرەکان دەستم دێنمە دەرێ و بای بای لە یەکتری دەکەین، دواتر فڕۆکەکە هۆڕینێك لێ دەدات و بۆ ئاسمانێ بەرز دەبێتەوە، ئێوەش تا چاو بڕ دەکا تەماشام دەکەن، دوای ئەوە بە دڵێکی تێکەڵ بە نیگەرانی و شادی، بەرەو ماڵێ دەگەڕێنەوە.

بەڵێ بە دڵێکی تێکەڵ بە نیگەرانی و شادی دەگەڕێنەوە ماڵێ، نیگەران چونکە تا زێتر لە هەفتەیەکی دی یەکتر نابینین، شادیش بەهۆی ئەوەی فڕۆکەتان لە نێزیکەوە دیوە و بۆ خزم و هاوڕێیانی دەگێڕنەوە، کە شێوە و قەبارە و فڕینی چۆن بووە. وەلێ کە زانیتان سیستمی چوونە ناو فڕۆکەخانە

بەو شێوەیە نییە کە ئەنگۆ بیرتان لێی دەکردەوە، بۆیە هەنووکە ئەو شەوق و زەوقەی جارانتان نەماوە بۆ بەڕێکردنم و چوونە بەردەم فڕۆکەخانە...

کیژەکەی من، ئێستا فڕۆکە لە تۆقی ئاسمانێیە، هەر یەك لە سەرنشینانی فڕۆکە خەیاڵی لە شوێنێکە، هیچیش لە ئێمە دیار نییە، ئێستا لەسەر ئاسمانی کام گوند و شارین، بە خێراییی چەند داژوا، چەند کیلۆمەتر لە زەوی بەرز بووەتەوە... مەگەر تەنێ ئەو زانیارییانە لای میری فڕۆکە بێ، دەزانم بە کەسی یەکەم لە ستافی بەڕێوەبردنی فڕۆکە ناگوترێ میری فڕۆکە، بەڵام لە کوردەواری خۆماندا، وشەی (میر) زۆر بەکار هاتووە و زاراوەی دیکەی لێ چێ کراوە و مانای تری دراوەتێ، هەر بۆ نموونە بە سەرپەرشتیاری بیری ئاو دەگوترێ (میراو)، بە جەللاد و کەسی دەستڕۆیشتوو لە ئەشکەنجەدانی خەڵك دەگوترێ (میرغەزەب)، بە سەرپەرشتیاری ئالیکدانی ئەسپ و ماینان گوتراوە (میرئاخوڕ)، تەنانەت (میری دزان)یش هەیە! ئەمە جگە لە میران و میرنشین و میرانە و میرزادە و میرکوڕ و میرایەتی و میری میران و هتد... بۆیە لەباتی وشەی فڕۆکەوان و کاپتن و ئەو شتانە، وشەی میری فڕۆکەم هاتە خەیاڵ.

**دەی، تا نامەی دووەم بە خوات دەسپێرم...**

## نامەی دووەم

# ئای دایە گیان چەندە قەرزداری تۆین!

**کچی خۆم پاداشت، دوای قەشەنگترین سڵاو....**

پاداشتەکەم... بەر لە فڕینی فڕۆکە، بە مۆبایل قسەمان لەگەڵتان کردەوە و پێمان گوتن: ڕەنگە پاش دوو کاتژمێری دی بگەینە ئەنقەرە. گوتیشمان: هەر کە گەیشتینە ئەوێ، دەمودەست پێوەندیتان پێوە دەکەین. کەچی لەگەڵ گەیشتنمان بە فڕۆکەخانەی ئەنقەرە، هەر کە مۆبایلەکەم کردەوە، دیتم دایکم دڵی ئۆقرەی نەگرتووە و چەند جارێك تەلەفۆنی کردووە. ئای خودایە گیان! دەبێ چۆن بتوانین بەشێکی کەمی ئەو قەرزە زۆرە بدەینەوە، بەرانبەر ئەو مەخلووقە نیان و میهرەبانەی لەسەرمانە، کە ناوی دایکە دایك...

**نا، قەڵەم ناتوانێ**

**پۆرترێتی ئەوینی تۆ ڕەسم کا**

**وشە دەبێ لەگوزارشت لە تۆ**

**تا ماوه شەرم کا**

**ئەستەمە مەحەببەت**

**پەی بە زمانی ڕۆحت ببا**

**هەمیشە خۆشەویستی**

**ئیرەیی بە تۆ دەبا**

**ئەوین شانازی بە تۆوە دەکا**

**هۆ دایەگیان**

**ئەی جانی جانان**[1]

هەر کە لە فڕۆکەخانەی ئەنقەرە دەرچووین، هەستمان بە کزەبایەکی سارد کرد، ئەو کزەبایە، سالآنێك لەمەوبەری بیرخستمەوە، بەڵام با جارێ لە کزەبا و لەمەوبەر و ئەو شتانە بگەڕێین... بە تاکسی لە فڕۆکەخانەوە بەرەو هۆتێل بەڕێ کەوتین، باران ورد ورد گەڵا سەوزەکانی ئەمبەر و ئەوبەری شەقامی ماچ دەکرد، بۆنیکی خۆشی بەم ناوەدا پەخش دەکرد، بەکورتییەکەی کەشوهەواکەی لە نیسانی مەملەکەتی خۆمان دەچوو... لەوەدا جیاواز بوو

١ـ بەشێك لە شیعری (ئەوین شانازی بەتۆوە دەکا)، لە دیوانە شیعری (منداڵێکی پایزنشین، زیاد ڕەشاد قادر ، هەولێر، ٢٠١٤).

کە لە وڵاتی خۆمان زێتر سەوز و تەڕ و چراخان دەهاتە بەر چاو، وەڵێ تام و ڕەنگ و بۆی ـ بە دەردی حەیرانبێژەکان گوتەنی ـ کاولە ورات، ئەگەر هەر بەڕاستی کاول و وێرانیش بێ، هێشتا لە هەموو جێیەکی دونیا شیرینترە.

**تا نامەی سێیەم، بەو زاتەت دەسپێرم کە سپاردە زایە ناکات...**

## نامەی سێیەم

# ونبوون، ئازاری هەمیشەیی ڕۆح

**سڵاو و خۆشەویستی پاداشتی من...**

پاداشتەکەم... بە منداڵی هەر کە بۆ شار یا گوندێکی دیکە دەچووین، توند دەستی ئەوانەی لە خۆمان گەورەترمان دەگرت نەبادا ون ببین، یەکێك لە برادەرەکانم ئێستاش زوو زوو دەگێڕێتەوە، کە جارێك بە منداڵی لەگەڵ دایکی دەچێتە بازاڕ، دوایی لەنێو کۆمەڵی ژنی عەبا بەسەردا، دەستی ژنێك دەگرێ کە ڕەنگی زەمبیلەکەی لە هی زەمبیلەکەی دایکیەتی، پێش ئەوەی سەر هەڵبڕێ هەر بە دەست گومان دەکا کە ئەوە دایکی نییە و گوم بووە. ڕاستە هەنووکە خەم و نیگەرانی ئەو جۆرە بزربوونانەمان نییە، بەڵام ڕەنگە لە جۆرەکانی دیکەی ونبوون هەموومان جۆرە ترس و خۆپارێزییەکمان هەبێت، یەکێ لەو ونبوونانەی کە لە هەموویان زێتر ئازاری ڕۆحمان دەدات، ئەو ونبوونە هەمیشەییەیە کە لەم دونیایەدا یەکتر دۆزینەوەی تێدا نییە، ئەم جۆرەی ونبوون هەرچەندە هیچ پێوەندی بە سەفەر و ماڵ بەجێهێشتن و چوونە غەریبییەوە نییە، وەلێ لەوانەیە لە دوورە وڵاتی و غەریبیدا، مرۆ پتر

بیری لێ بکاتەوە. هەقتە سەد لە سەد لە ناوەڕۆکی ئەم قسەیەم تێنەگەیت، یا وەکو پێویست سەرنجت ڕانەکێشێت، چونکە تا هەنووکە تۆ لە ناڵە و عەزابی ئەو جۆرە ونبوونە تێنەگەیشتوویت و ئەزموونت نەکردووە. تۆ جارێ لە پەژارەی ئەو دایکە کلۆڵە تێناگەیت، کە بە گەورەبوون و پێگەیشتنی ڕۆڵەکەی، گەز گەز باڵای کردووە و خۆشحاڵ بووە، کەچی لەناکاو ڕەشەبایەکی توند هەڵدەکات و درەختی ئەو بڵندی و خۆشنوودیە لە ڕەگەوە هەڵدەکێشێت. تۆ هێشتا نازانی کتێبی خەمی قورس و خەیاڵی زامداری ئەو باوکە بخوێنیتەوە، کە بەدیار پشکوتن و گەشانەوەی منداڵەکەیەوە، دەبووە ئۆقیانووسێك لە هیوا و پێکەنین، کەچی لەپڕ ئاگرێك هەڵدەبێ و چی گوڵی هیوا و پێکەنین هەیە دەیکاتە قەرەبرووت...

ئەدی جەرگەکەم، منیش کە لە پۆلی یەکدا بووم، دەستەیەك لەو هاوڕێ و هاوپۆلانەمان کە ڕۆژانە یەکدیمان دەدیت و لەسەر یەك ڕەحلە دادەنیشتین، وەکو ئێستای تۆ وام دەزانی هەرگیز لە یەك دانابڕێین و قەتاوقەت یەکتری بزر ناکەین و پێکەوە سەفەری ژیان تەواو دەکەین، کەچی پۆلی یەك و قۆناغەکانی دیکەی مەکتەبمان بڕی و هەندێکی دیکەمان ناسی و ئاشنایان بووین، بەڵام زۆریکیانم لەو هاوڕێیانەی سەردەمی سەرەتایی و ناوەندی.... ئێستا ون کردووە پاداشت، دەشێ هەندێکیان ڕۆژێك لە ڕۆژان چاوم پێیان بکەوێتەوە، هەندێکیشیان هەرگیز، ئای کچی خۆم! ئەز بۆ دیتنەوەی هەموو

دۆستە ونبووەکان بە پەرۆشم، وەلێ ئەوانەی کە دڵنیام جارێکی دیکە نایانبینمەوە، زێتر بیریان دەکەم و پەڕەی یادگارییەکانیان هەڵدەدەمەوە، بەتایبەت (ن) کە شەش ساڵی ڕەبەق لە یەك پۆل بووین، ئەو تازەگەنجە سادە و خاکەڕایەی شێرپەنجەی خوێن کوشتی. ئەدی بۆ (چ) ناڵێی، ئەو ڕۆحە جوانەی لە پۆلی دووی ناوەندی ناسیم و ئێستاش نازانم ئاگری چ کارەساتێك گیانی پەپوولەیی هەڵکڕوزاند. ئای (ا) چەندە بیری شەڕ و عەجوولییەکانت دەکەم، ئەو لاوە خێر لەخۆنەدیوەی پاش وازهێنانی لە مەکتەب، بووە سوتووی شەڕی نەگریسی ناوخۆ، یاخوا هەموو شەڕێك ئاوی ئاموون و تونی بابا چێت[٢]. (م)یش وەك هەزاران گەنجی دیکە، برسییەتی و نائارامی سەری پێ هەڵگرت بۆ هەندەران، بەڵام وەکو دەیان گەنجی خێرلەخۆنەدیوی تر، گیانی بوو بە قوربانی، ئێستاش کەس نازانێ بوو بە خۆراکی قرشەکانی ناو ئیجە، یا گوللەی دڵڕەقی جەندرمەیەکی سەر سنوور پێکای، یا لە تاریکەشەوێکی ڕێگا سەخت و نووتەکەکاندا لەنێو بەفردا بەجێما، یان و یان و یان...

با بێمەوە سەر باسی سەفەرەکەمان پاداشت گیان، دوای نیو کاتژمێر گەیشتینە هۆتێل، قامووسێکی (کوردی ـ تورکی)م لەگەڵ خۆم هێنابوو، چەند لاپەڕەیەکم لێ هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد، هەستم کرد وشەگەلێکی زۆری

---

٢ ـ واتە هەرگیز نەگەڕێتەوە، چوونی هەبێ و هاتنەوەی نەبێ.

تورکی، لەگەڵ کوردی و عەرەبیدا هاوبەشن، بۆیە فێربونی بەشێك لەو زمانە قورس نییە، مەبەستم لە (بەشێك) ئەو وشە زەرووریانەن کە مرۆ لە سەفەر و بازاڕ و خواردنگە و نەخۆشخانەکان.... دا ئیشی پێیان دەبێت، نەك ئەوەی زمانەکە بەتەواوی ڕێنووس و ڕێزمان و ئاخافتنەوە شارەزا ببیت.

وەك هەمیشە کە جێگەم دەگۆڕێ، تا درەنگ خەوم لێناکەوێ، کێشەی بالیفیش لەولاوە بوەستێ، بەجۆرێك زۆری نەماوە، بۆ هەر شوێنێك بڕۆم بالیفێك بخەنە جانتاکەمەوە! چ بکەم پاداشت ئەوە تەبیعەتە، تەبیعەتیش دەرمانی نییە، یان وەك دەگوترێت: **"تەبیعەت چاك نابێ بە نەسیحەت"!** ئەم جۆرە تەبیعەتانە وەکو ئەوە وایە، کەسێك کاری هەبێ یان نا، ڕۆژانی دەوام بێ یا پشووی ڕەسمی، بە تەبیعەت هەموو ڕۆژێك سبەینان زوو زوو لە خەو هەڵدەستێ، یا هەیە بە پێچەوانەوە هەموو دەم چەند سەعاتێك دوای نیوەشەو دەکەوێتە خەوێ. هەندێك کەس هەیە ئەگەر ڕۆژانە چەند کووپێك چا نەخواتەوە وەك ئەوە وایە شتێکی لێ بزر بووبێ، یا ئەزیزێکی لە دەست دابێ. جا بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە تەبیعەتانە و زاڵ نەبوون بەسەریاندا بۆ خۆی باش نییە، بەڵام لەچاو ئالوودەبوون بە هەندێ خووی نەخوازراوی دیکە خراپ نیین.

ڕاستە نووستنی دروست مایەی تەندروستبوونی مرۆڤە، یا خەوی دروست نیشانەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ... بەڵام ئەوە تەنیا پێوەندی بە خودی

خۆمانەوە هەیە، هونەر و ئازایەتی لەوەدا نییە، بۆ خەڵکی دیکەی بگێڕینەوە چەند دەخەوین و چۆن دەخەوین، وەلێ هونەر و گەورەیی و ئازایەتی زۆر لەوەدایە، بەر لەوەی بکەوینە خەوە دورودرێژەکە، ڕۆح و دڵ و ویژدانمان ئاسوودە بکەین، تا زمانی گوڵ هەبێ توخنی هی دڕك نەکەوین، خەوێك کە نە تێیدا خەون و زیندەخەون دەبینین، نە پرخەمان دێ و نە زڕخەو دەبین، نە سەرین و پێخەف ڕۆڵیان هەیە، نە شوێن و کەشوهەوا بە کەڵکی هیچ دێن... ئەوەی وا دەکا لەو خەوە دوور و درێژەدا، خەوخۆش و ڕۆحشاد بین، تەنێ باوەڕی دروست و دڵی پاك و کرداری چاك و گوفتاری جوانە.

**تا نامەی چوارەم بەخێرچی...**

## نامەی چوارەم

# ئەو دەنگەی (یەڵلاّ عەسەلیات)ی بیر خستمەوە

## کیژی خۆم پاداشت، چەپکێ سڵاو...

سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠١٤/٦/٥ بەشی زۆری ئەو بازاڕ و شەقامە سەرەکییەی ناو شاری ئەنقەرە گەڕاین، کە هۆتێلەکەمان لێ گرتووە، ئەو گەڕەکە پێی دەگوترێ (قزلای)، یا وەك تورك پێی دەڵێن (کزلای)، بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر دوکان و مۆڵ و بانك و هۆتێل و ناوەندی خوێندنی لێیە، بۆیە وێڕای زۆری پاس و تاکسی و ماشێنی تایبەت، هەروەها شەو و ڕۆژ جمەی دێ لە ژن و پیاوی هاموشۆکەر، کە بەشی زۆریان بەخێرایی ڕێگە دەبڕن و بەرە و شوێنی کاریان دەڕۆن، لەگەڵ ئەو قەرەباڵغییەش، گەڕەکەکە تا ئاستێکی زۆر هێمن و پاکژە.

خەڵکی ئێرە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە پێویستی بە سەرەگرتن هەیە، بەدوای یەکدا دەوەستن، جا بۆ سەرکەوتنی پاس بێ، یا شوێنی ئاڵوگۆڕی دراو، یا چوونە نێو ئاسانسۆر، یا کڕینی ئایسکرێم و هتد... هەروەها ڕێ و شوێنی گونجاو گیراوەتە بەر بۆ سەلامەتی پەڕینەوەی خەڵکی پیادە لە

شه‌قامه‌كاندا، چونكه ئه‌گه‌ر شوێنێك پرد و تونێلی په‌ڕینه‌وه‌ی لیٚ نه‌بیٚ، ئه‌وا ترافیك كراوه‌، تا پیاده له‌ نۆره‌ی خۆیدا بپه‌ڕێته‌وه‌. ڕاسته‌ لێره‌ نۆره‌بڕی و شت فڕێدان له‌ شوێنه‌ گشتییه‌كان و هۆڕین لێدان زۆر زۆر كه‌مه‌، به‌ڵام ده‌بیٚ له‌ بیرمان بیٚ پاداشت، ئێمه‌ باسی شار و وڵاتێكی ئه‌م سه‌ر زه‌مینه‌ ده‌كه‌ین، نه‌ك یۆتۆپیا[٣] و كۆماری ئه‌فلاتوون و شاری فازیڵه‌ی فارابی، ئۆه‌ پاداشت! ببوره‌ جاریٚ زۆری ماوه‌ سه‌رت بیه‌شێنم به‌م ده‌سته‌واژانه‌، گه‌ره‌كمه‌ بڵێم لێره‌ش یاساشكێنی و پێشێلكاری و هه‌قخواردنی یه‌كدی هه‌یه‌، به‌ڵام به‌ ئاست و ڕێژه‌یه‌كی جیاواز له‌ هی لای خۆمان.

ده‌زانی پاداشت لێره‌ له‌ ئه‌نقه‌ره‌، ئه‌و جۆره‌ كه‌سابه‌ته‌ زۆره‌، كه‌ ده‌بینی كه‌سێك یا چه‌ند كه‌سێك به‌ ته‌پڵ لێدان، ژه‌نینی ساز، گۆرانی گوتن و نیگاركێشان... خه‌ڵك له‌ خۆیان خڕ ده‌كه‌نه‌وه‌ و پاره‌ په‌یدا ده‌كه‌ن، ته‌نیٚ یه‌كێكیان زۆر سه‌رنجی ڕاكێشام، گه‌نجێكی ڕیشنی مووزه‌رد بوو، له‌ یه‌كێك له‌ پلیكانه‌كان وه‌ستا بوو، سازی ده‌ژه‌نی و گۆرانیی ده‌گوت، ده‌نگێكی ئێجگار خۆشی هه‌بوو، سه‌دای ئه‌و هه‌ر له‌ له‌ره‌ی ده‌نگی ئه‌و عه‌ره‌بانچییه‌ ده‌چوو كه‌ به‌ منداڵی گوێم لێی بوبوو و به‌ ده‌م پاڵدانی عه‌ره‌بانه‌كه‌یه‌وه‌،

---

٣ ـ یۆتۆپیا: شارێكی خه‌یاڵی یا شوێنێكی نموونه‌ییه‌، كه‌ له‌ سه‌ر زه‌مینی واقیعدا بوونی نییه‌، به‌و بیرۆكه‌ و بیردۆزانه‌ش ده‌گوترێت كه‌ له‌ ژیانی ڕاسته‌قینه‌دا وه‌دی نایه‌ن. بۆ یه‌كه‌م جار یۆتۆپیا له‌ نیوه‌ی یه‌كه‌می سه‌ده‌ی شازده‌دا به‌كارهاتووه‌، به‌ڵام پێشتر، ئه‌فلاتوون له‌ (كۆمار) و فارابیش له‌ (شاری فازیڵه‌)دا، له‌و شاره‌ خه‌یاڵییه‌ ئاخاوتوون.

دەیچریکاند: "یەڵلا عەسەلیات، عەسەلیاااااات، شەعر بەناااااات...". نا، سەدای ئەو گەنجە زۆر نێزیك بوو لە سەدا و نەغمەی (ع)ی هاوڕێ و هاوپۆلم، کە هەموو جارێ تۆپێکی باغە، یا قوتوویەکی ڕۆن، یا دەبەیەکی ئاوی دەست کەوتبا، تەپڵی پێ لێدەدا، بە دەم تەپڵ لێدانیشەوە، گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکی دەگوتەوە و ناوەناوەش دەیگوت حەسەن زیرەك بابی هەموو گۆرانیبێژانە، بڕوا بکە پاداشت، دەنگ و سەدای (ع) ـ کە نازانم ئێستا لە کام سوچی نیشتیمان جەفای ئاوڕلێنەدانەوە دەچێژێت ـ زۆر خۆشتر و ڕەوانتر بوو، لە دەنگی ناساز و وشەی ناخۆشی بەشێك لەو بە ناو هونەرمەندانەی ئەمڕۆ، کە بە هێزی پارە و بە زەبری ئامێری پێشکەوتوو و کاڵای گرانبەها و ستۆدیۆی مۆدێرن و مەسرەفگەرا خۆیان دەردەخەن، کەچی لەباتی خەندە و عیشق و جوانی، (گۆران) گوتەنی: میزاجی کوردەواریمان دەشێوێنن. ئاخر بەشێك لەو بەناو هونەرمەندانە، نە تۆزقاڵێك ڕۆحیانەت لە وشەکانیاندا هەیە، نە دەنگیان سیحرێکت لێ دەکا، نە کلیپەکانیان شتێکی تێدا دەدۆزیتەوە ناوی مانا و هونەر و زەوق و جوانی بێت...

یەکێك لەو خزمەتگوزارییە جوانانەی، لەو شارەدا هەیە ئەوەیە، ڕێڕەوی تایبەت چێ کراوە بۆ نابینایان، تا بە سەلامەتی بە ڕێگادا بڕۆن. بە هەمان شێوە لە سەرکەوتنە نێو پاس و میترۆ، لە مۆڵ و باڵەخانەکاندا، ڕێ و شوێن و حسێبی تایبەت دەکرێ بۆ کەمئەندام و کەنەفت و خاوەن پێداویستییەکان،

سەرنج بدە نازداری بابەی، ڕەنگە باشترین سوپاسگوزاری بۆ پەروەردگاری مەزن لەسەر نیعمەتی ئەقڵ و تەندروستی ئەوەبێ، هەست بە ئازاری ئەو ئادەمیزادانە بکەین کە لە یەکێك لەو نیعمەتانە بێ بەشن، چەندە گرنگ بوو بمانتوانیایە، ئەگەر بە وشەیەکیش بێت لە ئازاری ئەو مرۆڤە کەم بکەینەوە، کە هەناوی وەك من و تۆ دونیایەك قسەی تێدایە، بەڵام ناتوانێ وشەیەك دەرببڕێت، کەچی ئێمە بە توانجەوە کەسێك قسەی بۆ نەیێ، یا وەڵامی پرسیارێك نەداتەوە، پێی ئێژین چییە دەڵێی لاڵی! دەبێ چ گەورەییەك لەوەدا بێ، خەمی بێ کۆتای ژیان لەگەڵ ئەو منداڵە ڕەنگ زەردە بەشکەین، کە تا ماوە پێویستی بە خوێنی کەسانی دیکە هەیە، تا دڵی لە لێدان نەکەوێ، کەچی زۆرێك لە ئێمە ڕەنگە لەباتی ئەو هەستی هاوخەمی و هاوکارییە، پۆز بەوە لێبدەین کە ڕوومەتمان خڕتر و پێستمان سوور و سپیترە لەوان! چەندە خێرێکی گەورەیە، هاوکار و یارمەتیدەری ئەو ئینسانە بین، کە وەکو من و تۆ دەبینێ و دەبیستێ، بەڵام ئیفلیجبوون ڕێگەی جوڵە و هەستانەوەی پێنادا...

بەڵام بڕوا بکە پاداشت، ئەوانە کوێر نین کە چاویان بەهۆی نەخۆشی یا کارەسات لە دەست داوە، یا هەر لە زگماکەوە نابینن، بەڵکو کوێری تەواو ئەوانەن، کە ڕۆح و ناخیان ڕاستی نابینێ، کوێری تەواو ئەوانەن، کە بەردەوام ناهەقی و بێدادی دەبینن، لێ هیچ هەست و هەڵوێست و

بەرەنگاربوونەوەکیان نییە بەرانبەر ئەو ناهەقی و بێدادییە. ئەوانە شێت نیین کە بەهۆی ئەوەی ئاقڵەکانی ئەم دونیایە پێیان پێدەکەنن و گاڵتەیان پێدەکەن، ئەوانیش لە کاردانەوەدا چەند بەردێکیان تێدەگرن یا جنێوێکیان پێدەدەن، بەڵکو شێتی ڕاستەقینە ئەو دەروون ڕەش و ئەقڵ نەخۆشانەن کە زۆرداری و نەرگسیەت[٤] چووەتە نێو خوێنیان، بۆیە چارەنووسی میللەتێك دەدەنە بەر بەردی ستەم و چەوسانەوە، بۆیە نیشتمانێك پڕ دەکەن لە جنێوی سیاسی و قسەی ناشیرین و خوێنڕێژی.

**تا نامەی پێنجەم بەختەوەر بیت...**

---

٤ ـ نەرگسیەت: خۆپەسەندی، خودئەڤینی.

## نامەی پێنجەم

# دەتانویست بچمە هارمەنلی

**دوای سڵاو یاداشتەکەم...**

هەر ئەمڕۆ لەگەڵ شۆفێرێکی تاکسیی تورك و بەیاوەری موتەرجیمێکی عەرەب، کە خەڵکی (حمص)ی سوریایە، چووینە نۆرینگەی پزیشك، بەڵام گوڵەکەم، لەبەر ئەوەی نامەوێ سەرت بیەشینم بە زاراوەگەلی (پشکنین و ئەشیعە و سۆنەر و نازوور و زەرع...) و دانیشتن و چاوەڕوانییە تاقەتپڕوکێنەرەکانی نۆرینگە و خەستەخانە، هێندە دەڵێم دەبوو سێ ڕۆژ چاوەڕوانی دەرچوونی ئەنجامەکان بکەین، بۆیە سەردانێکی ئەستەنبۆڵ خراپ نەبوو.

یاداشت گیان، بەر لە بەڕێکەوتن بۆ ئەستەنبۆل، ئەو قسەیەت لە مێشکمدا دەزرینگایەوە، کە پێت گوتم: **"بابە ئەگەر چوویە ئەستەنبۆڵ، برۆ کن مامۆستا مەلەك و زەهرای"**، کاڤاریش دەیگوت : **"ئەگەرنا برۆ هارمەنلی**

**هەتا بیانبینی"**[٥]، بەو خەیاڵانەوە سواری پاسی ئەستەنبۆڵ بووین، بۆ زانیاریت ڕێگەی نێوان ئەنقەرە-ئەستەنبۆڵ زێتر لەپێنج کاتژمێرە، وەلێ دوو هۆی سەرەکی هەن وا دەکەن لەو ڕێگە دوور و درێژەدا، کەم هەست بە ماندووبون و بێزاری بکەیت:

**یەکەم:** پاسەکان، وەك لای خۆمان کاسێتێك ناخەنە سەر، پێت خۆش بێت یان نا، مەحکوم بیت بە گوێ لێگرتنی، بەڵکو هەر نەفەرێك شاشەیەکی لەپێشە، چی بخوازێ گوێ لەوە دەگرێ، وێڕای ئەوەش خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و سیستمی پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوە، ڕێگاکە کورت دەکەنەوە.

**دووەم:** بە درێژایی ڕێگاکە هەر دار و درەخت و سەوزاییە، ناوە ناوە شارۆکە یان ئاواییەکی قەشەنگ دێتە بەر دیدەت، خەیاڵت باڵ دەگرێ، چەندی دەکەی لە تەماشاکردنی تێر نابیت، ماندووبوون و شەکەتیت لە بیر دەباتەوە...

من وەك هەمیشە هەر کە شارۆکەیەك یا دەریاچەیەکی سە ڕێگام دەدیت، بەزۆری دەگەڕامەوە بۆ کوچە و کۆڵانەکانی منداڵی، بۆ نموونە وەختێ گەیشتینە شارۆکەیەك وابزانم ناوی (ئیزمیت) بوو، کە ئەوەی دەیبینی مێرگ

---

٥ ـ (مامۆستا مەلەك) و (زەهرا)، دوو کاراکتەری نێو زنجیرە درامای دۆبلاژکراوی تورکی (بووکی بچووك)ن، (هارمەنلی)ش، شوێنی ڕووداوەکانی نێو دراماکەیە.

و دەریاچە و شاخ و سەوزاییە، جوانییەکەی کەم وێنە بوو، کەم کەس هەیە سەیری ئەو شوێنە بکات و حەیران  و سەراسیمە نەبێ. قسەیەك دەکەم ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێ، بەڵام مەڵێ: **"ئاش لە چ خەیاڵێك و ئاشەوان لە چ خەیاڵێك"**، لەکاتی دیتنی دیمەنی ئەو شارۆکەیە، ئەو قسەیەی **(داپیرە فاتێ)**م بیر کەوتەوە، ڕۆحی شاد بێ، کە هەموو جارێ شتێکی زۆر سەیری دیتبا باوەڕی نەکردبا کە ئەوە ڕاستییە، یا قسەیەکی گوێ لێبا تەواو لە دروستیی قسەکە دڵنیا نەبا، دەیگوت: **"هەیهوووو، لە دۆڕێ کۆڕێ، لە بالیسانێ، لە گەڕێ شاسواری، لە بازێ مایینی...."**.

پاداشت گیان... تۆ دەزانی ئەم دونیایە زۆر لەوە فراوانترە کە من بە منداڵی بیرم لێ دەکردەوە، چونکە هەنگینێ وام دەزانی دوای **(خرابەدراو)**[٦]، دوو سێ گوند و هەولێر دێ، پاشان کۆتایی سەر زەمینە ! دوایی پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد، دەبێ ماڵی **(ڕەجولولحەدیدی)** لەکوێ بێ؟ ئەدی **(عەدنان و لینا)** لەکوێ دەژین؟ کەچی تۆ بەو تەمەنە بچووکەی خۆتەوە، لەگەڵ کاڤار، هارمەنلی لەسەر نەخشە دەدۆزنەوە و دەڵێن برۆ ئەوێ ڕەسمێك لەگەڵ (ئازاد) و (مەرجان) و (مامۆستا ئیبراهیم)[٧] بگرە !

---

٦ ـ خرابەدراو: گوندێکی نێزیك هەولێرە، زێدی لە دایك بوونمە و بەشی هەرە زۆری منداڵیی تۆزگرتووی خۆم، لەنێو ئەو گوندەدا لێ بزر بوو.

٧ ـ (ئازاد)، (مەرجان) و (مامۆستا ئیبراهیم)، سێ کەسایەتی دیکەی نێو زنجیرەی (بووکی بچووك)ن.

ئا بیرم کەوتەوە، بە خرابەدراو و هەولێر هاتەوە بیرم، دەزانی پاداشت، وەختێ لە گوند بووین، ئەو دەمەی منداڵە خزمەکانی شارمان دەهاتن، دونیایەك شاد و کەیفساز دەبووین، ئەوان هەم چاوکراوەتر بوون، هەم هەندێ جار تۆزێ لە ئێمە پۆشتەوپەرداختر دەردەکەوتن، بەڵام جگە لەوەی ناوی ماڵات و تەیروتوارەکانیان بە دروستی نەدەزانی، هەروەها تا ئاستێکی زۆر لە مەڕ و مریشك و قاز و قەلەموونیش دەترسان، بۆیە ئێمە کە بە توانجەوە دەمانگوت: **"هەولێری، بە مریشکە کورکی ناوێری"**، ئەوانیش وەڵامێکی ئامادەیان هەبوو و زوو زوو دەیانگوت: **"خرابەدراوی، کەچەکراوی، تێهەردراوی!"**. ئێمە چونکە ڕۆژانە ئەو ماڵات و پەلەوەرانەمان دەدیت و لەبەر چاومان بوون، بۆیە ئەوەندە زۆر تاممان لە تەماشاکردن و نێزیك کەوتنەوەیان وەرنەدەگرت، کەچی منداڵە شارییەکان، هەندێ جار بە سەعات بە دیار جوچکەیەکەوە دادەنیشتن، ماندوو نەدەبوون ئەگەر بەیانی تا نیوەڕۆ سەیری جوڵە و خواردنی بەرخێکیان بکردایە، یا گوێیان لە عولوعولوی عەلیشیشێك بگرتایە...

دەزانی پاداشت گیانەوەرانیش زمانێکی سەیریان هەیە! ئەوان وەك مرۆڤ نین، لە هەر کوێیەکی سەر ئەم زەمینە بن، لە زمانی یەکتری حاڵی دەبن، ئێستا ئێمە لە سنووری وڵاتی خۆمان دەچینە دەرێ، یەکەم گرفت کە دێتە پێشمان و دەبێتە کۆسپ لە ڕێگەمان نەزانینی زمانە، بەڵام ئەوان ئەوها

نیین، بۆ نموونە پشیلەیەکی کوردستان لەگەڵ یەکێکی فەڕەنسایی یەك زمانیان هەیە، کۆترێکی یابانی لەگەڵ کۆترێکی لوبنانی وەك یەك دەئاخفن، مەڕێکی کوردی لەگەڵ مەڕێکی عارەبی هیچ گرفتی لەیەکتر تێنەگەیشتنیان نییە، مریشکێکی خۆمانە لەگەڵ مریشکێکی مالیزیایی پێویستیان بە وەرگێڕ نابێ تا بزانن چ دەڵێن...

**تا نامەی شەشەم، بەختەوەریت بە ئاوات دەخوازم...**

## نامەی شەشەم

# ئەفسوونی دەریا و ماستاو خواردنەوەی ئەوسا

## جگەرگۆشەکەم پاداشت، ژیانت باش...

وەختێ گەیشتینە ئەستەنبۆڵ نێزیکەی دوو سەعاتێك مابوو بۆ ڕۆژئاوابوون، ئەستەنبۆڵ جگە لەوەی کەوتووەتە سەر دەریا، هەروەها لە هەموو لایەکیڕا بە درەخت و پارك و کەسکاتی ڕازاوەتەوە، وێڕای ئەوەش پڕیەتی لە مۆزە و شوێنەواری بەناوبانگ، لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، ئەو شارە بەشێکی دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا و بەشەکەی تری لە کیشوەری ئەوروپادایە. ژمارەی دانیشتوانی ئەستەنبۆڵ زێتر لە چواردە ملیۆنە، بەڵام دەگوترێت بە بەردەوامی پتر لە سێ ملیۆن میوان و گەشتیاری لێیە و لە هەندێ وەرزدا ئەم ژمارەیە بەرز دەبێتەوە بۆ سەرووی پێنج ملیۆن کەس. کەچی لەگەڵ ئەوەش بۆ ئێمەمانان کە هیچ یادگارییەکی منداڵی و گەورەییمان نییە تێیدا، ناتوانین لەچاو ئەو بەناوبانگی و دڵڕفێنییەی چێژی لێ وەربگرین، بەڵام نا، چۆن هیچ یادگارییەکمان لێی نییە، ئەدی **(حاجی قادری کۆیی)** دوای ئەوەی لەبەر جەفای یاران، کۆیەی زێد و نیشتمان جێدەهێڵێ، لە ئەستەنبۆڵ

ناگیرسێتەوە؟ دەبێ حاجی لە کام کووخی ئەو شارەدا ژیابێ؟ ئەدی گۆڕە غەریبەکەی لە کام سوچی ئەو وڵاتەدا بێت! بەڵێ بەڵێ یادگاریمان لەو شارەدا هەیە، بەتایبەت ئەو شیعرە پڕ غوربەتەی حاجی، کە لێرەوە بۆ کۆیەی نووسیوە و دەشێ چەندین جار لەگەڵی گریان ئەوکی گرتبین، بەتایبەتیتر ئەو پارچەیەی کە دەڵێ:

**سەر و ڕیشم سەراپا بۆتە لۆکە**

**بە شەو هەمرازمە پشمین و کۆکە**

**غەریبی غوربەتی کردم بە ئەوتان**

**سەراپا ئەرزی لێ کردوومە زیندان**(٨)

ئەدی بۆ ئەو بەشەی نالێی، کە لەگەڵ خوێندنەوەی تەزوو بە لەشت دادێ و هاڵاوی غەریبی و دەردی دووری ئەو شاعیرە، ڕۆحت هەلا هەلا دەکات:

**لە دەردی دووری و جەوری زەمانە**

**گەلێ نەزدیکە زۆر دووری مەزانە**

---

٨ ـ ٩ دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، سنە، ٢٠٠٧.

**لەخۆم ئاگر هەڵێنم وەك چنارۆك**

**لە چاوم گریە دەربێ وەك حەمامۆك**

**بە سەد قەید و حەواشی دەردی دووری**

**بەیانی ناكرێ غەیرەز سەبووری**[9]

بەڵێ پێشی حاجی، **(نالی)**یش لە ئەستەنبۆڵ بووە. لە سەرەتاكانی سەدەی ڕابردووش، **(پیرەمێرد)** ماوەیەكی زۆر لەو شارەدا ژیاوە، هەر وەك لە شیعری **(لەترەنی ڕێی ئەستەمولْدا)**، پیرەمێرد لەكاتی جیهێشتنی ئەستەنبۆڵ و گەڕانەوە بۆ سلێمانی، دەڵێ:

**ئەوا ڕووم كردە تۆ ئەی دایكی موشفیق بیست و پێنج سالە**

**لە غوربەتدا بە یادی تۆ دەژیم، خوا شاهیدی حالە**[10]

ئەوان و هی دیكەش هەر یەكە بە جۆرێك ئاگری غوربەت هەڵیقرچاندوون، هەر یەكە و بە زمانێك ڕۆحی بریندارییان گۆرانیی بۆ نیشتیمان گوتووە.

---

١٠ ـ دیوانی پیرەمێرد، كۆكردنەوە و ساغكردنەوەی: فایەق و هۆشیار و هاوڕێكانی، بەرگی یەكەم، بەغدا، ١٩٩٠.

پاداشتی من... تا شوێنمان لە هۆتێل گرت و کەلوپەلە زیادەکانمان دانا و گەیشتینە سەر دەریا، هەر نیو سەعاتێکی مابوو بۆ خۆرئاوابوون، تۆ دەزانی دەریا جوانی و ئەفسوونێکی سەیری هەیە سەیر! کە جوداوازە لەو جوانی و ئەفسوونەی لە خوڕەی تاڤگە و نمەی باران و تکەی کانیی و هاژەی ڕووبار...دا دەیبینی، دەریا خودانی دەنگ و ڕەنگێکی سیحراوییە، دەنگێك وێنەی ترپەی باران و دیمەنێك چەشنی کلوی بەفر، لە هەمان کاتدا جیاواز، بە جۆرێك نە لە سەیرکردنی تێر دەبیت، نە لە گوێ لێگرتنی دەزانی ماندووبوون چییە، جوانی و ئەفسوونێك کە زمان و قەڵەم لە گوزارشت لێکردنی دۆش دادەمێنێ و سەراسیمە دەبێ، بەتایبەت لە کاتی زەردەی خۆرئاوابووندا! باشە پاداشت، تۆ بڵێی ئەگەر **(گۆران)**ی شاعیری گەورەی کورد، کە بەرانبەر سیحر و ناسکی کانیی کوردەواری نووسیویەتی:

**کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو**

**لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو**(١١)

ئەگەر ئەو شاعیرەمان خەڵکی وڵاتێکی ڕۆخ دەریا بووایە، ئاخۆ چۆن وەسفی شڵپ و هۆڕ و شەپۆلە شینباوەکانی دەریا و کاتی خۆرنشینی کەنار دەریای دەکرد!

---

١١ ـ دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٨٠.

پاداشتەکەم... چاکم لەبیرە بە منداڵی کە گۆماوێکی گەورەمان دەدیت، بەشێوەی ئاسۆیی بەردمان دەهاوێشتە نێو گۆماوەکە، دەبوو بەردەکە بەشێوەیەك بهاوێژین بە عاستەم بەر ئاوەکە بکەوێت و تۆزێك بەرز بێتەوە، جا نازانم بۆ بەو یارییەمان دەگوت **(ماستاو خواردنەوە)**، واتە هەر بەردێك چەند گەهێك بەر ئاوەکە کەوتبا و بەرز ببایەتەوە، ئەوا بەردهاوێژەکە ئەوەندە ماستاوەی خواردووەتەوە. من ئەو کات ماستاوخۆرەوەیەکی باش نەبووم، یانی هیچ جار لە یەکەمینەکان نەدەبووم، بەڵام هەندێك لە منداڵان، چوار پێنج شەش... ماستاویان دەخواردەوە و دواییش بەردەکەیان دەکەوتە ئەوبەری گۆماوەکە.

ئای پاداشت! کێ هەیە ئەو دیمەنانەی ڕابردوو بهێنێتەوە بەر دیدە و خەیاڵی، لەناخەوە ڕانەچڵەکێ و تەزوو بە لەشیدا نەیەت و تنۆك تنۆك ڕوندك دانەبارێنێ! کێ هەیە لەگەڵ بیرکەوتنەوەی ئەو ڕۆژانەی ڕۆیشتن و ناگەڕێنەوە، نەچێتەوە سەردانیان و ڕۆحی خۆی لەوێ جێنەهێڵێ و بە داخ و حەسرەتەوە نەڵێ: **"هێی مەرخی منداڵی چ زوو تەسلیم بوویە گڕی پیری"**. کیژی خۆم، ئێمە ئەو کات دەمانزانی گۆماوی گەورەتر هەیە کە بەردی هیچ کەسمان ناتوانێ بەسەریدا باز بدات، بەڵام نەماندەزانی شتێکی دیکە هەیە زۆر لەو گۆماوانەی خەیاڵی بچووکی ئێمە گەورەترە، کە دەریایە! دەمانبیست دەگوترا: **"ئەمە دڵۆپێکە لە دەریایەك"**، یان دەگوترا: **"دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێ"**، ئەمانە گوزارشت بوون لە گەورەیی دەریا، وەلێ ئەوسا ئەگەر بیریشمان لەو

قسانە کردبایەوە، هەر وا دەهاتە بەر زەینمان کە دەریا سێ چوار ئەوەندەی گۆماوە گەورەکانە!

کچەکەی من، ئەستەنبۆڵ یەکێکە لە گەورە شارەکانی دونیا، جگە لە تورك بە ملیۆنان کوردیشی تێدا دەژییێت، هەروەها ژمارەیەکی زۆر پێکهاتەی دیکەی ئایینی و نەتەوەیی تێدایە، سەرباری ئەوەش بە بەردەوامی ملیۆنان گەشتیاری ئاسیایی و ئەوروپایی و هی دیکەی لێیە، هەموو ئەوانە وا دەکەن ئادەمیزاد زۆر هەست نەکا کە تۆ غەریبی لەو شارە، یا سیمای بێگانەبوونت پێوە دیار بێ، لەگەڵ ئەوەش تابلۆی سەر مارکێتێك، گەڕەکێك، مۆزەیەك، مێوانخانەیەك، مزگەوتێك، کەشتییێك و ماشێنیك... نابینی بە جگە لە زمانی تورکی لەسەری نووسرابێ. تەنانەت زۆر دەگمەن ڕێبەری گەشتیاریت دەست دەکەوێ بە زمانێکی غەیرە تورکی لێی نووسرابێ و شار و شوێنە گرنگەکانیت پیشان بدات. ڕێك پێچەوانەی لای خۆمان، کە جگە لەوەی تابلۆی پیشاندانی شوێنەکان و ڕێبەری گەشتیاری بەزۆری بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزیین، کەچی تابلۆی سەر مارکێت و بازاڕگەکانیش زۆر جار لەباتی کوردی، بە عەرەبی دەنووسرێن! کە ئەمەیان ئەگەر زۆر بە جددی ئاوڕی لێ نەدرێتەوە و چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا دەبێتە بەشێك لەو هەڕەشانەی لەسەر ناسنامەی شارەکانی باشووری کوردستاندا، لە دوارۆژی دوور یا نێزیکدا مەترسی دروست دەکەن.

حەز دەکەم بزانی کیژەکەی من، هەموو دەمارگیرییەك دزێو و خراپە، چ دەمارگیری نەتەوەیی بێ، یا ئایینی، یا حیزبی، یا ناوچەگەری و هتد... بەڵام حەزکردن و سووربوون لەسەر پاراستنی مۆرك و شوناس و کولتووری خۆمان، جا چ سیمای شار بێ، یا زمان، یا جلوبەرگ... بەتایبەت بۆ نەتەوەیەکی چەوساوە و بێ دەوڵەتی وەکو کورد، حەزێکی سروشتی و ڕەوا و داوایەکی دروست و ئاساییە.

دەشێ ئەستەنبۆڵ یا هەر شارێکی دیکەی دونیا، لای تاکێکی ئەوروپایی لە سەردەمی جیهانگەراییدا، لە گۆشەیەکەوە سەیر بکرێ جودا بێ لەوەی، کە عەرەبێك تێی دەڕوانێ، کە خاوەنی زێتر لە بیست دەوڵەتی پاشکەوتووی سەر ئەم زەمینەیە، هەروەك لەوانەیە یابانی یا کۆرییاییەك، جۆرێکی دیکە تەماشای پێکهاتە و چەمکی شار بکات، بێ گومان بۆ تاکێکی کوردیش کە خاوەنی سەروەری و کیانی سەربەخۆ نییە، شار واتا و ڕەهەند و قوڵایی دیکەی هەیە، بەڵام بە گشتی زۆر شت وا دەکا شارێك لە شارێکی دیکە: زیباتر، کاریگەرتر، سەرنجڕاکێشتر، دڵی ئاوەدانتر، ڕۆڵی گەورەتر و جێ پەنجەی دیارتر خۆی نمایش بکات، ئەو زۆر شتە هەر چییەك بن، ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوان نین، ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە ببەخشنە شارێك و لە شارێکی دیکەی بسەننەوە.

**تا نامەی حەفتەم، خوا ئاگادارت بێ...**

## نامەی حەفتەم

# هەستەوە ئەوە بەشێك لە مورووەكانی ملوانكەی منداڵیی تۆن، لێرە دەكەونە خوارێ

**سڵاو یاداشت...**

سەر لە بەیانی ڕۆژی ٦ / ٦ / ٢٠١٤ بە کەشتی بەرەو یەکێك لە دوورگەکانی ئەستەنبۆڵ بەڕێکەوتین، دەبێ ئەوە بڵێم دانیشتن لە ڕۆخی دەریا و وردبوونەوە لە شڵپ و شەپۆلەکانی، چەندە دڵگیر و خەمڕەوێنە، گەشتکردن بە کەشتی و ڕۆیشتن بەناو دەریادا، دەیان هێندە ئەفسووناوی و قەشەنگترە، ئەگەر بە زمانی شاعیرەکان قسە بکەین دەبێ بڵێین دەیان هێندە ڕۆمانسی و خەیاڵئامێز و ئیلهامبەخش و دڵڕفێنترە. هەر زوو نهۆمەکانی خوارەوەی کەشتیمان بەجێهێشت، چونکە لە نهۆمەکانی خوارەوە، خەڵکی لەودیوی جامە شووشەکانەوە لە دەریایان دەڕوانی، هەرچی نهۆمی سەرەوەیە، هەم ئاسمانت لێ دیار دەبێ، هەم هیچ بەربەست و دیوارێك ـ ئەگەر شووشەش بێ ـ لەنێوان تۆ و کەفوکوڵی دەریادا نامێنێ... جگەرگۆشەکەی خۆم... کە دەچیتە ڕیزی پێشەوەی کەشتی و بەرەو پێشەوە دەڕوانی، لەلایەك چەند دوورگەیەك دەبینی، کە هەر لە دوورەوە

سەوز سەوز دەچنەوە، لەلایەکی ترەوە بەشی کیشوەرەکەیتری شارەکە دەبینی، کە بۆ لایەکەی تر دەڕوانی، تا چاو بڕ دەکا هەر ئاوە و دەبینی گۆنای ئەو ئاوە لەبەر چاوت گەیشتووەتە لێوی ئاسمان. کە دەچیتە ڕیزی دواوە، دەبینی کەشتی دەڕوات و لە دوای خۆی کەفوکوڵێکی خەست بەجێدێڵێ، کە سەیری کەمێك دوورتر دەکەیت، دەبینی بەرەبەرە ئەو کەفوکوڵە خەستە، دەڕەوێتەوە و تێکەڵ بە ئاوە ڕوون و سافەکەیتری دەریا دەبێتەوە. وا دەهاتە بەر زەین و خەیاڵم وەك بڵێی پێشتر دیمەنی هاوشێوەی ئەو کەفوکوڵەم دیبێ، کە زێتر لە دیمەنەکە ڕادەمێنم، بەڵێ کە لە تەمەنی تۆدا بووم زۆر حەز و ئارەزووی ئەوەمان دەکرد لە پشتەوەی پیکاب سوار بین، هەر ئەو کات ڕوومان دەکردە ئەو ڕێگایەی پیکابی تاین دەیبڕی و کە ئەو بایە لە قژمانی دەدا، وامان دەزانی شنەبایەکە لە بەهەشتی جاویدانییەوە بۆمان هاتووە، کە سەیری دواوەشمان دەکرد، تۆز و خۆڵێکی چڕ، ئەو ناوەی دەتەنی، پاشان ئەو تۆز و خۆڵە وردە وردە دەڕەویەوە و تێکەڵ بە هەوای ساف و خاوێنی ئەو دەشتودەرە دەبوو... ڕەنگە بپرسی توخوا بابە چۆن بەراوردی تەپوتۆزی ئەو دەشتودەرە لەگەڵ ئاوی دەریادا دەکەی؟ ئەوە ڕاستە ئەم بەراوردە لە جێی خۆیدا نییە، بەڵام کیژەکەم، ئەوەش بزانە ئەو چێژ و حەز و جوانییەی لە تەپوتۆزی ئەوسای ڕێگا خۆڵەکاندا و لە سەردەمی پڕ بەرائەتی منداڵیدا دیومانە، بڕوا بکە دەریا بەو هەموو جیلوە و جوانی و جادووەوە، لە ئێستادا پێمان نابەخشێ.

پاداشتەکەم، ژن و پیاوێك لە سەرنشینانی کەشتییەکەی ئێمە، منداڵێکی هاوتەمەنی تۆیان لەگەڵدا بوو، من لەنێو خەیاڵ و ئەندێشەی بێ بنی خۆمدا نقوم بوبووم، هێندەم زانی منداڵەکە لە کۆشی باببیدا خەوی لێکەوت، ئەگەر لە زمانی من گەیشتبا، دوور نەبوو بەخەبەرم هێنابا و پێم گوتبا: **"من چەند دەنکێك لە موروەکانی منداڵیم، لە کوچە و کۆڵانەکانی خرابەدراو و تەیراوە و کوورانی عەنکاوە و کەورگۆسك لێ ڕژاوە و ئێستاش هەرچی دەکەم بۆم کۆ ناکرێتەوە، بۆیە نەشمیلەکە، هەستەوە ئەوە بەشێك لە موروەکانی ملوانکەی منداڵیی تۆن، لێرە دەکەونە خوارێ و تێکەڵ بە کەفوکوڵ و شەپۆلی شینباوی دەریا دەبن، دەی هەستەوە بەو چاوە پڕ بەرائەتانەی خۆت، لەو قورینگ و نەوڕەسە جوانانە بڕوانە، چەندە قەشەنگ باڵی ژیان لێك دەدەن و تەمەنیان بە ئاسمانی بێگەرد و قوڵایی دەریا دەسپێرن، دەی هەستەوە بە چاوی ڕۆح لەو ماسی و دۆلفینانە ڕابمێنە، کە ئەو دونیا سەیرەی ناو ئاویان چۆن کردووە بە یەك پارچە جوڵە و جوانی، دەی هەستەوە تا چاوت بڕ دەکات و تەمەنی منداڵیت لێ ون نەبووە، قووڵ قووڵ تەماشای مرواری و مەرجان و مەخلووقاتە سەمەرەکانی نێو بنی دەریا بکە، دەی هەستەوە، دە... دەی..."**.

ناهەقم مەگرە پاداشت، ئاخر ئەو، ئەگەر ئێستا بە دیققەتەوە تریفەی تەماشا بڕژێنیتە سەر ڕووی گەرد بە گەردی ئەو ئاوە و قووڵ قووڵ ئاوێتەی ڕۆحی

نازکی دەریا ببێت، ئەوا هەرگیز ئەو وێنەیە لە دەفتەری یادگاری و پەڕە پەڕەی ژیانیدا کاڵ نابنەوە نا... ئەدی نابینی پاداشت، ڕۆژانە گەورەکان دەڵێن: **"چما دەزانم ئەمڕۆ نیوەڕۆ چیم خواردووە، لەکوێ دەزانم دوێنێ چیم کردووە، لەبیرم نەماوە ئەمڕۆ بەیانی چیم گوت و هتد..."**، کەچی هەر ئەو گەورانە هەندێ ڕووداو و دیمەنی سەردەمی منداڵێتی خۆیان دەگێڕنەوە، وەك ئەوەی ئێستا ڕوویدابێت، یا هەندێ کەس دەیان ساڵ بەسەر بەسەرهاتێکی سەردەمی منداڵیی خۆی تێپەڕ دەبێ، کەچی ئەو دەیان ساڵە دەڵێی چاوگەرمکردنێکی کورتی بەسەردا ڕەت بووە! هەر بۆ نموونە من لەو تەمەنەی ئێستام ڕۆژانە کتێب دەخوێنمەوە، کەچی بەشێك لەو کتێبانە نەك هەر پەیام و ناوەڕۆکەکەی، بەڵکو تەنانەت هەندێ جار ناوونیشانی کتێبەکە و ناوی نووسەرەکەیشم لەبیر دەچێتەوە، لەگەڵ ئەوەش زۆرێك لەو کۆپلە شیعر، مەسەلە، هەقایەت و گۆرانییانەی لە منداڵیدا بەر گوێم کەوتوون، یا ئەو یاری و پێکەنین و دەمەقاڵێ و شەڕانەی بە بچووکی دیومە، دەڵێی قسەی ئەمڕۆ و ئەم چرکەساتەیە کە لێی دەژیم. دوور مەبینە ڕەنگ و جۆری ئەو ترومبێلەم لەبیر بچێتەوە کە پارساڵ خاوەنی بووم و ڕۆژانە لێیم دەخوڕی، بەڵام شێوە و قەبارەی ئەو کۆنە تایەیەی لە منداڵیدا یاریم پێدەکرد هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، ئەو کۆنە تایەی ڕۆژگارێك سەرمایەیەکی گەورەی من بوو، بەتایبەت وەختێ بەسەر گردێ دەکەوتم، کۆنە تایەم وەپێشە خۆم دەدا و بە زەبری هێزی دەستەکانم دەڕۆیشت، لێ کە لە

گردەکەوە بەرەو ماڵێ شۆڕم دەکردەوە، تایەی گۆرین لە من بەغارتر بوو و بەجێی دەهێشتم و تا خوارێ ڕانەدەوەستا.

بنوارە پاداشت، یەکێك لەو دیمەنە کاریگەرانەی دیکە، کە هەر وادەزانم ئەمڕۆ ڕوویداوە و تا ماوەیەکی زۆر لە مێشك و خەیاڵدانی منداڵی مندا نەدەچووە دەرێ، دیمەنی بە خاك سپاردنی تەرمی پیاوێك بوو، چاك لەبەرچاومە پاش عەسرێکی پاییز بوو، من لە پۆلی دووی سەرەتایی بووم، ڕیزێك ئوتومبیل، لە ڕێگەی شارەوە، جەنازەی ئەو پیاوەیان هێنایە گۆڕستانی گوند، لەگەڵ چەند منداڵێکی دیکەی هاوتەمەنی خۆم چووینە گۆڕستان، گریە و واوەیلا و شین و شەپۆڕی ژنان، لە دوورەوە موچڕکی بە گیاندا دەهێنای، لە هەر هەمووشیان کاریگەرتر، سەردولکەی هاوسەری کۆچکردووەکە بوو، کە بە دەنگێك تێکەڵ بە قوڵپی گریان و گوزارشت لە کۆستی لە دەستدانی ئازیزێکی دەیگوت: **"هۆ جەببار، هۆ جەببار، هۆ جەببار..."**، بێ ئەوەی (جەببار)م دیبێ یان بیناسم، کەچی ئەو کات لەبەر عەیبە و شەرمکردن نەبووایە، بە دڵ حەزم دەکرد، لەگەڵ سەدای سەردولکەی ئەو ژنە، بدەمە پڕمەی گریان و هۆن هۆن فرمێسك وەك بارانی بەلێزمەی بەهارێ لە چاوانم دابارێنم...

بەڵێ پاداشت، زێتر لە سی و پێنج ساڵ بەسەر هەندێ قسە و پرسیاردا تێپەڕیوە، کەچی هەر دەڵێی دوێنی بوو، نا هەر دەڵێی ئێستا ڕوویانداوە، جا

ئەو قسە و پرسیارانە دەرمبڕیبێ و وەرامەکەیم دەست کەوتبێ، یان هەر پرسیارم نەکردبێ، بۆ نموونە ڕەنگە هەر لە تەمەنی تۆدا بووبم، ئەوە دەهاتە خەیاڵم بۆچی ئەگەر کەسێك توڕەبێ دەڵێن: **"دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کرد"**، باشە پەیوەندی دۆ بە توڕەبوونەوە چییە، ئەدی دۆشاو و کاردانەوەی توند چی یەکترن، جا ئەگەر بە کردارەکی دۆ و دۆشاو تێکەڵ بکرێن چی لێ دەردەچێ و ڕەنگی چۆن دەبێ.

یان کە کیژێك بە بووك دەبردرا، دەیانگوت **"چەك و جلکی بۆ کرا، چەك و جلکی بۆ دەکەن..."**، لە خۆمم دەپرسی باشە ئەوە دیارە جلك چییە، بەڵام بووك چەکی بۆ چییە! ئێ ئەو خۆ ناچێتە شەڕ! یا کە منداڵێك زۆر قیڕە و هاواری کردبا، دەیانگوت **"دەڵێی مێشکی قازێت خواردووە"**، ئەو قسەیەم لەکنە خۆم شەنوکەو دەکرد، ئەوە ئەگەر کەسێك مێشکی قاز بخوات دەنگ و هاواری وەها گەورە بێ، ئەدی ئەگەر یەکێك مێشکی چیڵێ بخوات دەبێ دەنگی چی بەسەر بێت!

هەروەها ئەگەر بە خەتێکی ناخۆش و تێکەڵ و پێکەڵ نووسیبامان، دەگوترا: **"دەڵێی شەڕە پشیلەیە"**، ئێ نووسین و شەڕە پشیلە چی کۆیان دەکاتەوە! ئەدی وردە جوڵەی گیا و سەوزەی بەهارێ بە دەم باوە چ پەیوەندییەکی بە کەروێشکەوە هەیە؟ ئەدی بۆ دەڵێن **"کەروێشکەکردن"!**

هەروا بێتەوە کە ئەو دێرە شیعرەی (**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**)م دەبیست، کە دەڵێ:

**لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگەخەو**

**تا بلێن شێخ عابیدە و نانوێ بە شەو**[١٢]

من فکرم نە لە شێخ و نە لە عابید نەدەکردەوە، تەنێ لە خۆمم دەپرسی خەو لەکوێ و گورگ لەکوێ، بۆ ئەم دوو وشەیە گەیشتوونەتە یەك و گورگەخەو مانای چییە! ئەدی (**بزنەڕێ، پاییزەبرا، بەهارەخەو...**) چیین؟ ئیدی دەیان و سەدان قسە و پرسیاری تری هاوشێوە، کە هەندێکیان بە شەرم و دوودڵییەوە دەمپرسی، هەندێکیشیان خۆم وەرامم دەدانەوە، زۆریشیان بەبێ وەرام دەمانەوە.

**تا نامەی هەشتەم، ماڵئاوا...**

١٢ـ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە و شەرحی: شوکور مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠١٠.

## نامەی هەشتەم

# پیرە پیاوەکەی بیوك ئەدا، یا بەفر و فرۆ

## دوای جوانترین سڵاو یاداشت...

گەیشتینە دورگەیەك، کە بە (بیوك ئەدا) ناسراوە، نامەوێ بچمەوە سەر وانەکانی جوگرافیا و مێژوو، باسی شوێنی ئەو دوورگەیە لەسەر نەخشە بکەم، یا هەقایەتی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی بۆت بگێڕمەوە، نا... ئەوەندە دەڵێم ئەوێ هەر چوار لای ئاوە و پڕ پڕە لە درەختی کەسك و بەژن بڵند. ئەوەی لەو دورگەیەدا زێتر سەرنج و خەیاڵی منی کەمەندکێش کرد، ئەوە بوو تەواوی دورگەکە بگەڕێیت جگە لە ئانبۆلانس، هیچ جۆرە ترومبێلێکی دیکەی تێدا نابینی، بەڵکو تەنێ هەسپ و عەرەبانە و پایسکل دەبینی، پایسکل و عەرەبانەکانیش هەموویان ژمارەیان بۆ داندراوە.

لە یەکێك لە خانووە هەرە دڵگیرەکانی ئەو دورگەیەدا، پیرەپیاوێکمان دیت، لەناو باخچەیەکی لیوانلێو لە بۆنی خۆش و پەڕەی گوڵ و گەڵای درەختی چاو سەوزدا، کتێبی دەخوێندەوە، هەرچەند هەتاوی تەمەن مووی قژ و ڕیشی سپی کردبوو و ماکینەی ڕۆژگار تەختی تەوێڵ و سیمای، وەك

تولەڕێیەکی پڕ چاڵوچۆڵ پیشان دەدا، کەچی هێشتا بە ڕووکەش بەختەوەر دیار بوو... بەڵام کێ ناڵێ چقڵی ناسۆر و نامورادی، پەرەسێلکەی ڕۆحی نەکردووەتە پارچەیەك زام، کێ ناڵێ ئەویش لە ناخەوە ناسووتێت و ئاخ بۆ عومری بەسەرچووی **هەڵناکێشێ**، دەشێ بیەوێت لەو کەشوهەوایەدا قەرەبووی تاڵیی تەمەنی بەسەرچوو بکاتەوە، ڕەنگە خەریکی خوێندنەوەی دەقێکی **(نامیق کەمال)**[١٣]، یا شیعرێکی **(نازم حیکمەت)**[١٤] بێ، یا لەوانەیە کەوتبێتە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانێکی **(یەشار کەمال)**[١٥]ەوە، ئەی کێ ناڵێ بە چاوخشاندن بە چیرۆکێکی قۆشمەی **(عەزیز نەسین)**[١٦] خەمی زەمانە لە دڵ وەدەر نانێ! دەشێ بە نووری وشەکانی کتێبێکی **(سەعیدی کوردی)** ئیمان و ئیرادەی ڕۆشن بکاتەوە...

ڕەنگە پاداشت، ئەمن لەو شوێنە و لە تەمەنی ئەو بام، ئێستا بیرم لەو کۆپلە شیعرەی **(مامۆستا هێمن موکریانی)** بکردایەتەوە، کە زێتر لە سی و

---

١٣ ـ نامیق کەمال ئەدیبێکی دیاری تورکە و لە ساڵی (١٨٤٠) لە دایك بووە و لە (١٨٨٨) کۆچی دوایی کردووە.

١٤ ـ نازم حیکمەت شاعیرێکی بەناوبانگی تورکە، لە ساڵی (١٩٠٢) لە یۆنان لە دایك بووە و لە (١٩٦٣) لە ڕووسیا کۆچی دوایی کردووە.

١٥ ـ یەشار کەمال ڕۆماننوسێکی گەورەی کوردی تورکینووسە، لە ساڵی (١٩٢٣) لە دایك بووە، ڕۆمانەکانی بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی گێتی وەرگێڕدراون، (حەمەدۆك) یەکێك لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانیەتی.

١٦ ـ عەزیز نەسین ناوی (محەمەد نەسرت نەسین)ە، ئەدیبێکی ناوداری تورکە، لە (١٩١٥) لە دایك بووە، لە (١٩٩٥) کۆچی دوایی کردووە.

پێنج ساڵ لەمەوبەر بە دەنگە پڕ حەماسەتەکەی **(مامۆستا شوکرولڵای بابان)** گوێم لێ بووە، کە دەیگوت:

**هێمن لەسەرەخۆ بە**

**نەکەی بچی بۆ هۆبە**

**دەنا دەشکێنی تۆبە**

**ئاور دەگری وەك سۆبە**(١٧)

یا لەوانەیە، بکەوتبامەوە ناو هەوا و ئاوازی ئەو گۆرانییەی کە سەرەتای هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو، هەموو دەم لە سەیران و ئاهەنگەکانی مەکتەبدا، کە هەر یەکێك پریاسکەیەکمان لەگەڵ خۆماندا دەبرد، هێلکەیەکی کوڵاو و تەماتەیەك و نانێکی تیری تێدا بوو، ئەودەم بە دەم خواردنی نان و هێلکە و تەماتەوە، پڕ بە گەروو دەمانگوت:

**ئەورۆ شیرین بەهارە، بەهارە، بەهارە**

**هەستە بچینە سەیرانێ**

**خەمی دایك و بابم نییە**

---

١٧ ـ دیوانی هێمن، پەخشانگای ئازادی، سلێمانی، ٢٧٠٨ی کوردی.

## لێم بەجێماوە جوانیٚ

یا ڕەنگە ئەو گۆرانییەی تەلەڤزیۆنم وەبیر هاتباوە، کە تا ئێستا نازانم بێژەرەکەی کێ بوو، ئەوساش بە هەڵە لەباتی **"حلو حلو حلو، حامض حلو"** دەمانگوت: **"حلو حلو حلو، حامید حلو"**...

تاوێك بە پێیان گەڕاین، زانیمان ناتوانین ئەو هەموو هەوراز و نشێوە ببڕین و جادە و کۆڵانە ڕەنگینەکانی ئەو دوورگەیە ببینین، یا بشتوانین، لە پەلوپۆ دەکەوین، بۆیە عەرەبانەیەکمان بە کرێ گرت، کە هەسپێکی سۆر و یەکێکی سپی ڕایاندەکێشا، کابرای خودان عەرەبانە، کە لە پێشەوە سوار بوبوو، هەندێ ماوە خێرا لێی دەخوڕی، هەندێ ماوەش خاوی دەکردەوە، بیرم لە بەخت و ناوچەوانی هەردوو هەسپەکە دەکردەوە، چ چارەنووسێکی سەیرە پاداشت! ئەو دوو هەسپە دەبێ هەردووکیان پێکەوە غار بدەن و پێکەوەش هێواشی بکەنەوە، پێکەوە ڕاوەستن و پێکەوەش پشوو بدەن، تەنانەت لە یەك کاتدا ئالیك بخۆن و ئاو بخۆنەوە. بەڵام پاداشت گیان، ئەوان گیاندارن و بێ ئیرادە و ئازادیی خۆیان، چارەنووسیان پێکەوە گرێ دراوە، ئەوەی زۆر لەوە خراپترە ئەوەیە، هەندێك مرۆڤی حوکمڕان و سیستم و ئایدۆیۆلۆژیای سەر ئەم زەمینە و هەندێك نەریت و تاك تاکی ئەم دونیایە، زۆر جار بە زۆر چارەنووسی دوو مرۆڤ، یا دوو نەتەوە، یا دوو کیان و دوو دونیای لە یەك جوێ، بە زۆری زۆرداری، دوور لە ئیرادە و ئازادیی خۆیان بە یەکەوە گرێ

دەدەن، ئۆه کچەکەم! وەك چۆن دەزانم ئەم جۆرە قسانە، بە دڵی ئەو مرۆڤە دڵڕەق و سیاسەتسالار و دەستە و فەرمانڕەوایە ستەمکارانە نییە، کە هەموو دەم ئینسانی کۆیلە و بێدەنگیان گەرەکە، نەك کەسی قسەکەر و خاوەن ئیرادە، ئەوهاش دەزانم جارێ زۆر زووە، بەو جۆرە قسانە سەرقاڵت بکەم، یا داوات لێ بکەم لێیان تێبگەیت.

بەر لە جیهێشتنی بیوك ئەدا، جارێکی دی وێنەی ئەو پیرە پیاوەم هاتەوە بەر دیدەی خەیاڵ کە خەریکی خوێندنەوە بوو، بە خۆمم دەگوت ڕەنگە هاوسەر و هاوژینی چەندین ساڵەی لە دەست دابێ، بۆیە ئێستا پێدەچێ چی جوانی ئەو سروشتە ڕەنگینە هەیە نەتوانن تۆزقاڵێك باری خەمی لە دەستدانی هاوسەری نەختێك سووك بکەن... ئاخر گوڵە نازدارەکەم، دەبێ چی لەوە قورستر بێ، کەسێك نشێو و هەورازە سەخت و دژوارەکانی ژیانت لەگەڵ ببڕێ، چی گریە و پێکەنین هەیە تیکە تیکە لەگەڵت بەش بکات، کەچی لەپڕ ماڵئاواییت لێ بکات و بە دونیایەك لە حوزن و کەسەر و ماتەمت بسپێرێ! بێ گومان زۆر سەخت و دژوارە...

حەیرانبێژی گەورە **(خدر خرابەدراوی)**، کە لە نیوەی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، نەخۆشی زۆر بۆ هاوسەرەکەی دێنێ، بۆیە ناچار نەشتەرگەری بۆ دەکەن، بەڵام مام خدر نازانێ، ئەمە دوا دیدارە و دوای نەشتەرگەری هاوژینەکەی نابینێتەوە، بۆیە وەختێ یەکێك لە نوژدارەکان لە

هۆڵی نەشتەرگەری دێتە دەرێ و کەمامە کەسکەکەی لەسەر دەموچاوی لادەبات و دەڵێ: خاڵە بەخۆتان خۆش. مام خدر سەرەتا تەواو حاڵی نابێ، بۆیە دەڵێ: "ها بابم؟"، نوژدارەکە لێی دووبارە دەکاتەوە: خێزانەکەت لە عەمەلیات دەرنەچوو خاڵە بەخۆتان خۆش... مام خدر پاشەوپاش دەگەڕێتەوە دواوە و پشت بە یەکێك لە ستوونەکانی قاوشی خەستەخانەکە دەدا، دوای ئەوە دەست دەخاتە بنا گوێی و دەست بە حەیران گوتنێ دەکات بۆ نازدار حەیرانێ، نا پاداشت حەیران نا، ئەوە ئاگری فیراق بوو کزەی لە جەرگی دێنا، هالاوی سووتان و غەریبی بوو لە ناخی ئەو پیاوە دەهاتە دەرێ، ئەوە واوەیلای ڕۆحی بریینداری مرۆڤێك بوو کە لەتێکی لێ جوێ ببۆوە و پارچەیەك لە گیانی دەرهێنرابوو، گڕکانی دەروونی ئینسانێك بوو چیای ژیانی دەتواندەوە، هاواری خەمگرتووی پیرەمێردێك بوو کە ڕەنگە بە دڵ حەزی کردبا لەگەڵ هاوسەرەکەی، دڵی ئەویش لە لێدان بکەوێ... بۆیە چی پزیشك و سستەر و پەرستار هەیە، دێن گوێ لەو سۆز وناڵەیە دەگرن و زۆربەیان لەگەڵیدا فرمێسکیان فوارە دەکات و لە پرمەی گریان دەدەن...

ئای چەندە جوانن ئەو هاوسەرانەی، لۆچی سەر نێوچەوان و سپیبوونی مووی پرچ و ڕیشیان و کووڕبوونەوەی پشتیان و بە لەرزەکەوتنی پەنجە و مەچەکیان... پێیان دەڵێن کە ئێوە بە ساڵدا چوون و تەمەنتان گەورە بووە،

کەچی ئەوان لەگەڵ هەڵکشانی لاولاوی عومریان، وەفایان بۆ یەکدی زێتر هەڵدەکشێ، هاوزەمان لەگەڵ کزبوونی دیدەیان، مۆمی خۆشەویستییان بۆ یەکتر دەیان هێندە گەشتر دەبێ. بڕوانە پاداشت، ئەو چەشنە پیرەمێرد و پیرەژنە تەبا و تفاقانە، چونکە نەوەی سەردەمی خۆیان و زەمانێکی دیکەی جویێ لە هی ئێمەن، نەك تەنێ ئێوەی منداڵ، بگرە ئێمەش زۆر کەڕەت دروست لێیان تێناگەین. هەر بۆ نموونە وەختێ ژنێکی بەساڵداچوو بە **(ڕەزاقورس، هێسك گران و پیرەمێرد...)** گازی هاوسەرەکەی دەکات، ئەوە هەندێك دابونەریت یا زاڵ نەبوون بەسەر هەندێ کۆد و مانای زمانەوانییە وای لێ دەکا، ئەگینا ئەو ژنە مەبەستیەتی بڵێ: **(شۆڕەسوار، شاسواری ژیان، هاوڕێی تەمەن و هەمووکەس.....م)**. یان پیاوێك کە کەوتووەتە تەمەنەوە بە هاوسەرەکەی دەڵێ: (پیرێ، پیرێژن، حورمێ...) تەنانەت (چەتیم)یش، ئەوا بە پێوەری ئەمڕۆی ئێمە، جۆرێکە لە قسە پێگوتن و بەرز تەماشانەکردن، بەڵام ئەو پیاوە ڕانەهاتووە، ئەگینا مەبەستیەتی بڵێ: **(شەکرەژن، بەندی دڵم، ئەزیزی ڕۆحم و شاجوانەکەم...)**، بەکورتی بەکاربردنی ئەو دەستەواژانە ڕاستە لە ڕوکەشدا زبر و وشك و ناخۆشن، وەلێ لە ناوەڕۆکدا و لەکن ئەوان، گوزارشتێکی پاك و سادەیە لە سۆز و وەفا و مەحەببەت بۆ یەکدی.

کچەکەی خۆم، بە هەمان کەشتی گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان، ئەم جارەیان لەناو دەریادا بیرم لە ڕەنگی ئاو دەکردەوە، دەمگوت هەر ئەو ئاوە کە لەناو

پەرداخێکدایە، هیچ ڕەنگێکی نییە، هەمان ئاو لە قەڵبەزەی تاڤگەیەکدا چەشنی ماستاوێکی خەست دێتە بەر چاوت، هەر ئەو ئاوە لەناو دەریادا ڕەنگێکی دیکەی هەیە، ئێمە کە لە نەخشەکانی جوگرافیادا سەیری دەکەین ڕەنگێکی شینی سافی دراوەتێ، بەڵام کە بە چاوی سەر و لە نێزیکەوە لە ڕەنگی دەریا ورد دەبیتەوە، ڕەنگێکی دیکەیە لە نێوان شین و کەسك و ڕەشدا، واتا نازانم بڵێم شینێکی ئاماڵ سەوزە، یا کەسکێکی شینباوە، یا کەسك و شینێکی مەیلەو ڕەشە... ئەمجارە ئەو پەند و ئیدیۆمانەم دەهاتەوە خەیاڵ، کە لە سەر ئاو گوتراون، چەند جوانیان گوتووە: **(ئاو و ئاوەدانی)**، **(ئاو سەرچاوەی ژیانە)**. ئەدی کە نزا دەکرێت شەڕ و ئاژاوە نەمێنێ دەڵێن: **(خوایە ئاوێك بەو ئاگرە داکەیت)**. کە شتێك هیچی نەمابێ و کۆتایی هاتبێ گوتراوە: **(ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ)**. کە کەسێك زۆر قۆز و گەنج بێ پێی دەڵێن: **(ئاو لەسەری زوڵفی دەتکێ)**. کە شوێنێك وشك و کاول و وێران بێ گوتویانە: **(دەڵێی ئاشی ئاو لێ بڕایە)**. ئەمەو **(ئاو ئاو بچێ، ئاوی ئاموون و تونی...)** و دەیان گوتە و مەسەلەی تر...

تۆ دەزانی پاداشت من بە گچکەیی نازانم بۆ هەندێ وشەم تێکەڵ دەکرد، جگە لەوەی بە (حامض)م دەگوت (حامید)، هەروەها زۆر جار جوداوازیم نەدەکرد لەنێوان هەردوو ڕەنگی شین و کەسکدا، لەوەش سەیرتر هەردوو وشەی (بەفر) و (فرۆ)م تێکەڵ دەکرد، بەڕاست تۆ دەزانی فرۆ چییە؟

ڕەنگە کەم منداڵ ـ بەتایبەت ئەوانەی لە شار دەژین ـ بزانن فرۆ چییە، بۆیە ناچارم سەرەتا باسی فرۆت بۆ بکەم... فرۆ وەکو ماست و پەنیر و لۆر و قەیماغ و ژاژی... یەکێکە لە بەرهەمەکانی شیری مانگا، ئەوەندە هەیە، فرۆ تەنیا لە شیری چێڵی تازە زاودا درووست دەکرێ، واتە هەر چێڵێك کە دەزێت، یەك دوو جار دۆشینی دوای زانەکەی، شیرەکەی فرۆی لێ دروست دەکرێ.

هیچ پەیوەندییەك نییە لە نێوان بەفر و فرۆدا، تەنیا ئەوە نەبێ کە هەردووکیان لە چوار پیت پێکدێن، هەردووکیشیان پیتی (فێ) و (ڕێ)یان تێدایە. ڕەنگە لێکچوونێکی دیکە لە نێوان بەفر و فرۆدا ئەگەر هەبێ ئەوەبێ، لای ئێمە لە دەشتی بەڕانەتی و گوندەکانی دەوروبەری هەولێر، کە نیمچە گەرمێنێکە بۆ خۆی، ساڵی جارێك یا دوو جار بەفر دەبارێ. ئەو کاتیش ئێمە دوو چێڵمان هەبوو (زەردەکە) و (بەڵەکەکە)، بۆیە ساڵێ جارێك تا دوو جار فرۆمان دەخوارد.

جا من ئەو کاتە ـ کە باسی تەمەنی پێنج تا حەفت ساڵی خۆم دەکەم ـ ئەگەرچی لە قسەکردن و وشە دەربڕین و زانینی مانای وشەکاندا، تا ئاستێکی باش بێ عەیب بووم، بەڵام نازانم بۆ زۆر جار هەردوو وشەی بەفر و فرۆم لێ تێکەڵ دەبوو. هەروەها بە هەردووکیشیان زۆر زۆر دڵخۆش بووم.

ئەوەش ڕەنگە بەهۆی ئەوە بووبێ، بەفر جگە لە پاکی و جوانی و هێمنییەکەی، میوانێك بوو درەنگ سەری لێ دەداین، بۆیە کە

دەشباری، حاڵەتێکی تایبەت چێ دەبوو، شادمانییەکی کەم وێنە ڕووی تێ دەکردین، بۆخۆی دەبووە نیمچە جەژنێك، هەر ئەوەش وای کرد، وابزانم لە تەمەنی حەفت ساڵیدا بووم، ئاشقی شیعرە بەناوبانگەکەی (پیرەمێرد)ی شاعیر بووم، کە دەڵێ:

**بەیانی بوو لە خەو هەستام کە ڕوانیم بەفرە باریوە**

**سلێمانی ئەڵێی بەلقیسە تارای زیوی پۆشیوە**[(١٨)]

ئەگەرچی تا چەند ساڵێك دوای خۆشویستنی ئەو شیعرەی پیرەمێرد، ئەوجا لە **"سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری"** تێگەیشتم، وەلێ ئەو تێنەگەیشتنە هەرگیز ڕێگەی چێژ وەرگرتنی لە شیعرەکە لێ نەگرتم. خۆشویستنی ئەوسای بەفر وای لێ کردم لە ساڵی (٢٠٠٤) نامیلکە شیعرییەکەم ناو بنێم **(ڕازە سادەکانی بەفر)**، چەند ساڵێکیش دوای ئەوە و دروست لە زستانی ٢٠٠٩، لە ستایشکردنی مرۆڤدا، لە شیعری **(تۆ و بەفردا)** نووسیومە:

**هەرچی هەیە**

---

١٨ ـ دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: فایەق هۆشیار و هاوڕێکانی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٠.

**ستایشی نیانی و جوانی و**

**سپێتی بەفر دەکا**

**بەڵام تۆ لە بەفر لەپێشتری**

**ئەی ئەوە نییە**

**بەفری هەموو دونیا**

**لە ئاست ڕۆحی گەرمت**

**چۆك دادەدا**

**نەك هەر ئەوە**

**گەر بەفر خۆی**

**لە تۆ نەچێ**

**کێ سترانێکی بۆ دەچڕێ و**

**وێنەیەکی لەگەڵ دەگرێ**[19]

١٩ ـ شیعری (تۆ و بەفر)، لە دیوانە شیعری (منداڵێکی پایزنشین، زیاد ڕەشاد قادر، هەولێر، ٢٠١٤).

هەروەها لە چەندین شوێنی دیکەی شیعرەکانمدا، (بەفر) بە مەدلوول و مەغزا و مانا جیاوازەکانییەوە وەکو هێمایەك بۆ ساوایی، پاکی، جوانی، هێمنی... ئامادەیی بەرچاوی هەیە.

هەرچی فرۆیە، چونکە دوای هاتنە دونیای گۆلکێکی تازە پەیدا دەبوو، لەبەر ئەوە بە بەردەوامی ژیان و نوێبوونەوە و بەرەکەتمان دەزانی. کەچی جگە لەو دێرەی شیعری (یاداشت) کە لە زستانی (٢٠٠٨)دا نووسیومە و تێیدا دەڵێم:

**جگە لە خۆت کێ چوزانێ**

**چەندت لە فرۆی خۆشبەختی خواردووە**[٢٠]

لە هیچ شوێنێکی دیکەدا ناوی (فرۆ)م نەهاوردووە، هیوادارم ئەمەم لە بێ وەفایی نەبێت. ئەگەرچی ئێستا زۆر زێتر لە بەفر، غەریبی فرۆ دەکەم، بەتایبەت ئەو فرۆیەی (دایە فاتێ)ی داپیرم هێوێنی دەکرد، ئای ڕۆحت شاد دایە فاتێ، غەریبیت دەکەم منداڵی، یادتان بەخێر بەفر و فرۆ...

**چاوەڕوانی نامەی نۆیەم بە، خوات لەگەڵ...**

---

٢٠ ـ بەشێك لە شیعری (یاداشت)، لە دیوانە شیعری (منداڵێکی پایزنشین، زیاد ڕەشاد قادر، هەولێر، ٢٠١٤).

## نامەی نۆیەم

# لەنێوان بۆقەکانی ئەوسا و ماسییەکانی ئێستادا

## سڵاو کچە باشەکەم پاداشت گیان...

ڕۆژی ٩ / ٦ / ٢٠١٤ ژمارەیەك لە مزگەوت و مۆزە و شوێنەوارەکانی ئەستەنبۆڵ گەڕاین، ئەگەر بە وردی بۆت بگێڕمەوە ڕەنگە بە دەیان نامە تەواو نەبێ، کە هەر یەکەیان گوزارشت لە شارستانییەتی و قۆناخێکی مێژوویی ئەو شار و وڵاتە دەکەن... بۆ نموونە مزگەوتی **(سوڵتان ئەحمەد)**، جێ پەنجەی شارستانییەتی ئیسلامی سەردەمی عوسمانییەکانی پێوە دیارە، **(ئایا سۆفیا)** کە دروستکراوی سەردەمی بێزەنتییەکانە، سەرەتا کڵێسا بووە، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کراوەتە مزگەوت، پاشان لە سەردەمی کۆماری تورکیا لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کراوەتە مۆزەخانە، هەروەها **(پانۆراما)** ناوی یەکێك لە مۆزەخانەکانی ئەو شارەیە، شەڕی سەردەمی فەتح کردنی ئەستەنبۆڵ دەگێڕێتەوە، ئەمەو چەندین بازاڕ و قەیسەری و مۆنۆمێنت و قەڵا و قولله و مەیدان و دورگە و پارکی کۆن و نوێ، کە هی ئەوە نییە بە ڕۆژێك و دووان تەواو ببێ. هەرچەندە

گەورەشارێکی وەك ئەستەنبۆڵ، دەبێ قەرزی کات بکەیت تا بە دیتنی بەشێکیان ڕابگەیت.

پاداشت گیان... هەر لە ئەستەنبولْ شوێنێك هەیە پێی دەڵێن **(ئەکڤاریۆم)**، تایبەتە بە پیشاندانی گیانەوەری ئاوی، کە جێگایەکی پاکژ و بێدەنگە، بەجۆرێك کە مرۆ دەچێتە ژووریْ، مەگەر تەنێ گوێی لە تەپەی پێی خۆی بێت، لەو شوێنەدا حەوزی شووشەبەندی تایبەت کراوە بۆ کیسەڵ و قرژاڵ و چەندین جۆر و ڕەنگ و قەبارەی جوداوازی ماسی، لەوێ ماسیی گەورە و بچووك، پوولەکەدار و بێ پوولەکە، سەوز و زەرد و سپی و ڕەش و مۆر و بەڵەك و هتد...ی دەبینی، ئەو گیانەوەرانە هێندە جوان و سەرنجڕاکێشن، بە تۆ بێ نە بکەی نە بخۆی، هەر تەماشای چاو و باڵ و جوڵە و پوولەکە و ڕەنگیان بکەی!

وەبیرم دێ ئێمە لە سەردەمی منداڵیدا، لەنێو جۆگە و گۆماوەکاندا بۆقمان دەدیت، بەڵام قەت بەو شێوەیە، لەو شوێنە هێمن و پاکژ و پارێزراوەدا، لە خەونیشدا ئەو هەموو جۆرە ماسییەمان نەدیوە، ئەوسا بە بۆقە کەسکەکانمان دەگوت عەسکەری، بە بۆقە پەڵەپەڵەکانیشمان دەگوت مغاویری، هەر ئەو کات جار جار هەر بۆ خۆشی بەردمان دەگرتە بۆقەکان، ئەوە بوو دوای چەند ساڵێك لە کتێبێکدا دیم نووسەرێك دەڵێت: **"منداڵەکان بە گاڵتە بەردیان دەگرتە بۆقەکان، بەڵام بۆقەکان بەڕاستی دەمردن"**.

گوێ بگرە پاداشت، لێرە لە (ئەکڤاریۆم) هیچ کەس ناتوانێ نە بە گاڵتە و نە بەڕاستی بەرد بگرێتە ماسییەکان. هەروەها ئەو ماسییانە لەنێو قوڕ و چڵپاو و زێڕابەکاندا ناژین، لەوانەیشە بۆ ئەوەی پارەی باشیان پێ پەیدا بکرێ، هەموو دەم خواردنی باشیان پێ بدرێ و لە تەندروستییان دڵنیا بن، بەڵام گوڵەکەم، کێ دەڵێ ئەو ماسییانە لە بۆقی نێو گۆماوەکانی سەردەمی منداڵی ئێمە ئاسوودەترن کێ؟ چونکە هەر چییەك بن، ئەوان دواجار دیلن و لە بەندیخانەدان. هەرچی بۆقەکانی ئەوسان، ئەگەر بەردی دڵڕەقی ئێمەی منداڵ و چەتوون نەبووایە، ئەوا ژیانیان بە دڵنیاییەوە زۆر شکۆمەندانەتر بوو لە ماسییەکانی نێو ئەو بەندیخانەیە... ئەدی ئەو ماسییانەش هەر وەکوو ئەو باڵندانە وان کە لەناو قەفەسدا دیلن، ئیدی ئەو قەفەسە هەرچییەك بێ، **(هێمن موکریانی)** چ جوانی گوتووە:

**مەلێکی فێری دارستان و لێڕ بێ**

**قەفەز پیری دەکا با شووی لە زێڕ بێ**

**تەلار و سەرسەرا و کۆشك چ دێنێ**

**کە کۆیلە وەرهەمی تێدا هەلێنێ**[٢١]

---

٢١ ـ دیوانی هێمن، پەخشانگای ئازادی، سلێمانی، ٢٧٠٨ی کوردی.

هەزار ئەفسووس پاداشتەکەم، هەنووکە و لەم سەردەمەدا، نەك منداڵ بەڵکو گەورەکان، نەك بە بەرد بەڵکو بە چەندین جۆری چەکی کوشندە، بەردەبنە گیانی یەکتری، لە هەموویشی ناخۆشتر، ئەو یەکتر سڕینەوەیە و کوشتوبڕەی مرۆڤ بەرانبەر هاوڕەگەزەکەی خۆی دەیکات، ناوێك یا چەندان ناوی لە چەشنەکانی ئازادی و ماف و نەتەوە و هتد...ی لێ دەنرێت، یا لە هەموویان ترسناکتر ئەوەیە شەڕ و کوشتار و خوێنڕێژی و پاکتاوی سیاسی و ڕەگەزی، بەرگی دینی بە بەردا دەکرێت و بە ناوی پیرۆزی خودا و کتێبی خوداوە... ژیان و کەرامەتی جوانترین مەخلووقی ئەم گەردوونە، کە مرۆڤە، ئەتك و ناشیرن دەکرێت... ئاخر ئەوە چ تێگەیشتنێکە لە چەمك و کرۆکی ئاین، لەباتی ڕواندنی تۆوی چاکە و بڵاوکردنەوەی ئاشتی و تەبایی کۆمەڵایەتی، لەبری دروستکردن و بونیادنانەوەی کۆمەڵگا و ئیشکردن لەسەر بەرزڕاگرتنی ئاکار و لایەنی ڕۆحی تاك و هتد... بێی پەیامی کوشتن و تۆقاندن ڕابگەیەنیت و بەگوتەی خۆت خەڵك بنێری بۆ دۆزەخ، ئێ کەنگێ کاری تۆیە سەر زەمین بکەیتە دۆزەخ، یا خەڵك بۆ دۆزەخ بنێری؟ کێ ئەو هەقەی پێداوی، لەکوێوە سەرپشك کراوی؟

کیژی من، لە نێزیك ئەکڤاریۆم، شوێنێك هەیە جلوبەرگی تایبەتی شا و سوڵتانەکانی لێ داندراوە و خەڵك دەچێ بە پارە لەبەریان دەکات و وێنەیان پێدەگرێت، ئەمنیش وەك ئەو خەڵکە چووم بە عەبا و تاج و شمشێری یەکێك

لە سوڵتانەکان لەسەر کورسییەکی بە فەخفەخە دانیشتم و وێنەیەکم گرت. نازانم یاداشت تۆ کوو لە قەڕاڵ و ئیمپراتۆر و والی و سوڵتانەکانی پێشوو تێگەیشتوویت و چیان لەبارەوە دەزانی، من کە لە تەمەنی تۆدا بووم وێنەی ئەوانم تەنێ لە چەند بەیت و شیعرێکدا دەدیت، زێتریش لەو کۆپلەیەدا ژیان و جەنگ و جوامێریانم دەدیت، کە (خاڵم) لە مەجلیسی گەورەپیاواندا دەیگێڕاوە و دەیگوت:

**شازادەی مەلیکی سەبایێ**

**شێرێ جەنگ و جودایێ**

**عالەم لێی دەگێڕنەوە**

**تەعەجوبی دونیایێ(٢٢)**

ئای خۆزگە لە وڵاتی خۆیشمان، شمشێر و زرێ و کڵاو و مشکیی و چۆغەی خانۆی لەپ زێڕین و سوڵتان سەلاحەددین و پاشای کۆرە و مەلیك مەحموود و قازی محەمەد و ناودارانی دیکە، دادەندران و خەڵك وێنەی پێیانەوە دەگرت...

---

٢٢ ـ لە هیچ سەرچاوەیەکی نووسراو بەرچاوم نەکەوتووە، دەقەکەم وەك خۆی نووسیوەتەوە کە کاتی خۆی گوێم لێ بووە.

هەر لە ئەستەنبۆڵ، ژمارەیەکی زۆر مەزار و گۆڕستانی کۆن و بەناوبانگ هەیە، دەزانی پاداشت گۆڕستانیش، وەك بیابان، وەك دەریا، وەك کێو و خەرەند، وەك قولله و قەڵات و قەیسەرییە کۆنەکان... هێما و مانا و قوڵایی و ئەفسوونی خۆی هەیە! سەیر دەکەی دەیان، سەدان و هەزاران کەس لە شوێنێك، کەوتوونەتە خەوێکی قووڵ، کە پێشتر ئەوان خاوەنی ئەو شار و وڵاتە بوون، کەچی ئێستا ئەوان خودانی هیچ نین. سەیری کێلەکانیان دەکەی هەر یەکەی شتێکی لێ نووسراوە، هەر یەکە لە کاتێکی جودا هاتووەتە دونیا و دوایی جێی هێشتووە، هەیانە چەند دەقیقەیەك ژیاوە، هەشیانە زێتر لە سەد ساڵ تەمەنی بووە. هەیانە حەفتا ساڵ ژیاوە، بەڵام لەو حەفتا ساڵە ڕەنگە چەند سەعاتێك بە خۆشی و بەختەوەری ژیا بێت، هی وا هەیە بە دڵ و ویژدانێکی ئاسوودەوە ڕۆیشتووە و هەیشە تەواو بە پێچەوانەوە... کەسی وا هەبووە بەر لە مردن دەیان و سەدان خەونی هەبووە، هەندێکیشیان بێ خەون و بێ هیوا و بێ پرسیار ژیاون و مردوون. مرۆڤی وا هەبووە لە سەڵتەنەت و ڤێللا و نێو زێڕ و زەمبەر و پارە ژیاوە، وەلێ هەموو ڕۆژێ جارێك یا چەند جارێك مردووە. هەندێ کەسیش ئەگەرچی بە کولەمەرگی گوزەراندوویانە و هەموو ڕۆژێك جارێك یا چەند جارێك مەرگ خۆی پێ نیشان داون، بەڵام ئەوان ئەوەندەی لەسەر ئەم دونیایە بوون بە گەورەیی ژیاون و دواتر هەر بە گەورەیی مردوون...

با واز بێنین لە مردن و باسی دونیای مردووان، بێینەوە سەر باسی ژیان و دونیای زیندووان، چونکە تا ئەو شوێنە درووستە بیریان لێ بکەینەوە و باسیان بکەین کە ببێتە پەند و وانە بۆ ژیانی خۆمان. تۆ دەزانی پاداشت مرۆڤ چەندە سادە بژیێت ئەوەندە ئاسوودە و خۆشبەخت دەبێت، ئەوەندە لە ڕق و بوغز و ئیرەیی دوور دەکەوێتەوە، ئەوەندە مێشك و دڵ و ڕۆحی ئارام دەبێت. ئەو ژیانە سادەیەی کە لەنێو ڕاکەڕاکە و جەنجاڵی و ئاپورەی شار و دونیای مۆدێرن و تەکنۆلۆژیا و پۆلا و باڵەخانەی هەوربڕ و تەکنیکی تازەدا، هەمووومان خەریکە ونی دەکەین ون! نا، ئەگەر وریا نەبین بەتەنێ ژیانێکی سادە و ئارام ون ناکەین، بەڵکو خودی خۆیشمان لێ ون دەبێ، بۆیە گرنگە هەر یەك لە ئێمە لەگەڵ سروشت ئاشت بینەوە، زوو زوو سەیری دیمەنی هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر بکەین، لە چاوی کانیدا سیحر و جوانی ئاو بخوێنینەوە، تا خەو دەمانباتەوە لە مانگ و ئەستێرە ڕابمێنین، بە بێ چەتر بچینە بەر باران و سوپاسی پەروەرگار بکەین، لە ئاهەنگی پشوکوتنی گوڵدا شیعر بخوێنینەوە، لە ژێر درەختدا دانیشین و گوێ لە لاوك و حەیران بگرین، بەسەر چیادا هەڵگەڕێین و بەنێو شەونمدا ڕابکەین و هەناسەی سوبح بۆن بکەین...

**تا نامەی دەیەم، ئاسوودە بژیت..**

## نامەی دەیەم

# چەندە دیمەنێکی خەمناکە ئەزیزێکت

# نەبێ پێی بڵێی دایە

## گوڵی سڵاو لە بەرۆکت دەدەم پاداشت...

دوای ئەوەی ئێوارەی ١٠ / ٦ / ٢٠١٤ لە ئەستەنبۆڵەوە بەرەو ئەنقەرە گەڕاینەوە، بۆ بەیانییەکەی، واتە ١١ / ٦ ماوەی بێکاری و چاوەڕوانیمان دەبوو بە گەڕان و دیتنی چەند شوێنێك بەسەر ببەین، پرسیاری شوێنە گرنگەکانی ئەو شارەمان کرد، کەچی ئەوان ڕێگای چەند پارك و مۆڵێکیان پیشان داین، من هەر زوو زۆر گەشبین نەبووم کە پارك و مۆڵەکان شتێکی جیاوازتر لە هی ئێمەیان تێدا بێ، دواییش هەر وا دەرچوو، بۆ نموونە چووینە پارکێك، چەمەنزاریك بوو پڕ لە درەخت و گوڵی جوان و و حەوز و فوارە و شوێنی یاریی منداڵان، بەڵام چونکە ئێستا لەو چەشنە پارك و باخچانە لە شار و هەرێمی خۆمان زۆرن، بۆیە مرۆ چێژێکی ئەوتۆیان لێ وەرناگرێ. ئەو دیاردەی ڕێگا هەڵە پیشاندانە لای خۆشمان زۆر باوە، بۆ نموونە کەسێکی بیانی کە ڕێگەی دەکەوێتە هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان، لەباتی ئەوەی قەڵات و منارە و قەیسەری و مۆزە و مۆنۆمینتەکانی پیشان بدەین،

کەچی دەیبەینە پارك و مۆڵە هاوچەرخەکان. کیژەکەی خۆم... تەنیٚ دوو دیمەن سەرنجی منیان ڕاکێشا و بە شیاوی دەزانم لێرەدا بۆت بگێڕمەوە:

**دیمەنی یەکەم:** لە پارکێکدا، هێشتا زێتر لە نیو سەعات مابوو بۆ خۆرئاوابوون، بەرامبەر حەوزێکی گەورە، کۆمەڵیٚ کورسیی پلاستیکی داندرابوو، پەیتا پەیتا خەڵك دەهاتن لە بەردەم ئەو حەوزە و ڕوو لە خۆر لەسەر ئەو کورسییانە دادەنیشتن، وەك بڵێی بۆنەیەك هەبیٚ، یا چاوەڕوانی دەستپێکردنی ئاهەنگێك بن، وەلیٚ نە ئاهەنگ و نە هیچ بۆنەیەك نەبوو، بەڵکو ئەوان هاتبوون تا سەیری دیمەنی خۆرنشین بکەن، کە لەناو حەوزەکەدا زەردەی خۆر جوانییەکەی دوو هێندە دەردەکەویٚ و بڕوام وایە بەشێکی گەورەی خەم و شەکەتی و جەنجاڵی ژیانی ئەم سەردەمە لە بیر مرۆڤ دەباتەوە.

**دیمەنی دووەم:** لە یەکێك لە پارکە گەورەکاندا، کۆمەڵیٚ قوتابی هاتبوونە ئەویٚ، کە پێدەچوو ساڵی یەکەمی خوێندنیان بیٚ، ژمارەیان بیست قوتابی دەبوو، بەڵام ئەو قوتابییانە نێزیکەی پازدە مامۆستا و چاودێریان لەگەڵدا بوو، سەرپەرشتییان دەکردن و ڕێکیان دەخستن!

جا ئەو کات لەباتی ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە چۆن لێرە ئەو بایەخە گەورەیە بە منداڵ دەدەن، کەچی ئەمن کۆتری خەیاڵم بۆ ئاسمانێکی دیکە

هەڵفڕی و بەخۆمم دەگوت لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار منداڵەکانمان دەبنە جۆرێك لە بارگرانی و ئەرکی قورسمان بۆ زێدە دەکەن، بەڵام یەك تۆزقاڵ گومان لەوەدا نییە کە نیعمەتێکی گەورەی پەروەردگارن، منداڵان پڕاوپڕن لە هەرا و زەنای خۆش و ئاوەدانی، بۆیە زۆر جار بەکوڵ نزا بۆ ئەوانە دەکەم کە تا ئێستا لەو بەخششەی پەروەرگار بێ بەشن، ئاخر پاداشت دەزانی چەندە سەختە، باوکێك هەموو سەروەتی دونیا هی ئەو بێ، ئەگەر منداڵێکی نەبێ پێی بڵێ: **"بابە بابە دە هەزارم بدەیێ، بابە ئەگەر یەکەم بووم چیم بۆ دەکڕی، بابە کەی پایسکلێکم بۆ دێنیتەوە..."**، ئای پاداشت، خۆشی ئەو دونیایە بۆ دایکێك چییە ئەگەر هەموو گیانی پارە و خشڵ و ئاڵتوون بێ، مادام کۆرپەیەکی نەبێ و هەموو دەم نەینێ بەسنگییەوە ماچبارانی نەکات، چ لە خۆشیی ئەم کاولبووە بکات کە پێی دەڵێن دونیا، ئەگەر شەوانە منداڵێکی نەبێ پێی بڵێ: **"توخوا توخوا دایە هەقایەتێکم بۆ بگێڕەوە..."**، لەوەش پڕ سوێتر ئەوەیە پاداشت، منداڵێك کەسێکی نەبێ ئێوارە چاوەڕوانی هاتنەوەی بکات، لەگەڵ دەرکەوتنی بە باوەشێ نوقڵی سۆز و ماچەوە، پڕ بە دەمی هاوار بکات: **"بابە هاتەوە..."**، ئەدی چ لەوە ناخۆشترە، منداڵێك کەسێکی نەبێ بەرانبەری وشەی شیرینی دایە بەکاربێنێ! چەندە دیمەنێکی کەسەربار و خەمناکە ئەزیزێکت نەبێ پێی بڵێی دایە! لە هەموو ئەوانەش سەختتر و ناخۆشتر و پڕسوێتر و کەسەربارتر ئەوەیە، دەستی غەدر ئەو

ئەزیزەی لێستاندبیت، ستەمی سامناکی مرۆڤ لەو بێبەشکردنەدا نەقشی هەبووبێ.

پاداشت گیان، ڕۆژی دوای ئەوە، سەردانی مۆزەخانەیەکمان کرد، کە پێی دەڵێن **(ئەنیت کەبیر)**، کە کەوتووەتە سەر گردێکی پڕ داروباری ناوەڕاستی ئەنقەرە و گۆڕی **(کەمال ئەتاتورک)**ی[٢٣] لێیە، پێش ئەوەی بگەینە دەرگای سەرەکی شوێنەکە تاوێکی باش بە پێیان ڕۆیشتین، جا نازانم لە حەژمەت ماندووبوونی خۆمان بوو یا هەر بەڕاستی دەروازە سەرەکییەکە زۆر دوور بوو، لەبەرئەوە هەر بۆ خۆشی لەگەڵ برادەرێکی تازە هاتوومان دەمان گوت: چاك نییە لەکنە خۆمان تەنیا زیندووەکان گردەکان داگیر دەکەن، کەچی لێرە مردووەکانیان گردیان داگیر کردووە. بەشی هەرە زۆری کەلوپەلەکانی نێو (ئەنیت کەبیر) تایبەتە بە (ئەتاتورك)، جا بەهۆی نەزانینی زمانەوە، من بۆ خۆم نەمتوانی وەکو پێویست سوود لە بەشی زۆری وەربگرم، کە بریتی بوو لە کتێب و دەستنووس و نامە و دۆکیۆمینتەکان، هەرچی بەشەکەیترە کە پێکهاتبوو لە وێنە و جلوبەرگ و قەڵەم و مێز و کورسی و ماشێن و بەلەم و کەلوپەلە سەربازییەکانی، ئەوا بە جوانی لێیان وردبوومەوە و تێیانم ڕوانی.

دەبێ ئەوەش بڵێم (ئەتاتورك) لای تورکەکان هەر چییەك بێ و چۆن سەیری دەکەن کێشە نییە، ئەوەی لای ئێمە ڕوونە ئەوەیە، لە سایەی ئەو سیستم و

---

٢٣ ـ مستەفا کەمال ئەتاتورك (١٨٨١ ـ١٩٣٨ )، دامەزرێنەری کۆماری تورکیایە.

ئایدۆلۆژیایەی ئەودا، ئێستاش گەلێکی چەند ملیۆنی، قەدەغە و بڤەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. هونەرمەند تەنیا لەبەرئەوەی گوتویەتی کوردم، سووکایەتی پێدەکەن و لە وڵات وەدەری دەنێن. پەرلەمانتار بەس بەهۆی ئەوەی بە زمانی زگماکی خۆی سوێندی خواردووە، دەیخەنە کونجی زیندانەوە...

**تا کۆتا نامە، خوات لەگەڵ...**

## کۆتا نامە

# گوڵی من لە خەو ڕابە، ئەزیزک دایە و بابە

## سڵاو یاداشت....

ڕۆژی ١٣ / ٦ / ٢٠١٤ دوا ڕۆژی مانەوەمان بوو لە ئەنقەرە، وا بڕیار بوو کاتژمێر (٩)ی ئێوارە بە فڕۆکە بەرەو هەولێر بەڕێ بکەوین، بۆیە ئەوڕۆ لە هەر ڕۆژێکی دیکە زێتر غەریبیتان دەکەم و پەرۆشی گەڕانەوە و دیتنتانم، حەزم دەکرد شوێن و جێگەی زۆرترم دیبا و یەکە یەکەم بۆت بگێڕایەتەوە، بەڵام لەلایەکەوە بارودۆخی تایبەتی خۆم هەر ئەوەندە ڕێگەی مانەوەی دەدام، لە لایەکی دیکەوە دەمزانی لەوە پتر بەرگەی غوربەت و دووری ناگرم، دەنا ئاواتی ئەوەم دەخواست یەکە یەکەی شار و شارۆکەکانی کوردستانی باکوور بەسەر بکەمەوە، بەتایبەتی شاری (ئامەد)ی سیمبولی بەرخودان و کوردەواری. پێم خۆش بوو بچمە شاری (قۆنیە) و ماڵ و

شوێنەوار و گۆڕی **(مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی)**[٢٤] ببینم. حەزم دەکرد تەماشای ئەو گوندە بکەم کە **(سەعیدی نورسی)**[٢٥] تێیدا ژیاوە و وشە نورینەکانی تێدا نووسیوە. ئارەزووی ئەوەم دەکرد سەرێك لە مەئوا و مەنزڵی **(ئەحمەدی خانی)**[٢٦] بدەم لە بایەزید...

دەمخواست هەر بەو هەست و هەناسە و خۆشخەیاڵییەی تۆ، بچم سەرێك لە شارۆکەی (هارمەنلی) بدەم، لەوێ بچمە بەردەمی کۆشکی کرمانییەکان و داوا لە (دایە نۆژین)[٢٧] بکەم دەست لەو زەبروزەنگ و دڵڕەقییە هەڵگرێ، یا وەك خۆت دەتگوت بچمە لای (زەهرا) و ڕاستییەکەی پێ بڵێم. دەمخواست بە هەست و هەناسە و خۆشخەیاڵی خۆم، کە هەندێ کەڕەت نێزیکە لە خۆشخەیاڵی تۆ، تەنانەت با ئەگەر کاتی بەفر بارینیش نەبێ، بڕۆمە شاری (قارس) و سۆراخێکی ئەو پیاوە بکەم، کە لە ڕۆمانی (بەفر)ی **(ئۆرهان**

---

٢٤ ـ شاعیر و عاریفی گەورە مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی، لە ساڵی (١٢٠٧) لە خوراسان لە دایك بووە، لە شاری قۆنیەی تورکیا ژیاوە و لە ساڵی (١٢٧٣) هەر لە قۆنیە کۆچی دوایی کردووە. (مەسنەوی) یەکێکە لە بەرهەمە عیرفانییە بەناوبانگەکانی مەولانای ڕۆمی.

٢٥ ـ زانای بەناوبانگی کورد (سەعیدی نورسی)، لە ساڵی (١٨٧٣) لە گوندی (نورس)ی سەر بە (بەتلیس) لە دایك بووە و لە ساڵی (١٩٢٦) کۆچی دوایی کردووە.

٢٦ ـ شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی، لە ساڵی (١٦٥٠) لە شاری بایەزید لە دایك بووە و لە ساڵی (١٧٠٧) کۆچی دوایی کردووە و خودانی شاکاری (مەم و زین)ە.

٢٧ ـ کەسایەتییەکی دیکەی نێو زنجیرە درامای (بووکی بچووك)ە.

**پاموك)**دا،[٢٨] بەدووی بەختەوەریدا وێڵە. دەمخواست زمانزانێکی ئەدەبدۆستی بەسەلیقەم لەگەڵ بووایە و لە کتێبخانەکان گەڕابایین و بمزانیایە گەورە ئەدیبەکانی ئەمڕۆی تورکیا کێن، بمزانیایە ئەو گۆڤار و کتێبانەی لەو وڵاتە بۆ منداڵان دەردەچن، چۆنن و چی دەنووسن...

دەمەو ئێوارە، بەرەو فڕۆکەخانەی ئەنقەرە کەوتینە ڕێ، لە ڕێگەی فڕۆکەخانە، بیرم لەو کیژۆڵەیە شەش حەفت ساڵانەیە دەکردەوە، کە شەوی پێشتر لەسەر یەکێك لە پلیکانەکانی پردێکدا دیمان، ئەو بەدەم نووسینەوەی سەر دەفتەرەکەی، هەندێ وردەواڵەی دانابوو بۆ فرۆشتن، بۆ خۆپاراستنیش لە هەوای ساردی ئەو شەوە خۆی گرمۆڵە کردبوو. دوای ئەوە مەلی خەیاڵم کەوتە سەر گوڵ و درەختی ناوەڕاستی ئەو شەقامەی بەرەو فڕۆکەخانە دەچوو، کە تیشکی نارنجیی خۆر لێی دەدان، بریقەیان چەشنە جوانییەکی دیکەی پێ دەبەخشین. گەیشتینە فڕۆکەخانە، ماوەی چاوەڕوانکردنی ئەوێشمان تەواو کرد، ڕۆیشتینە نێو فڕۆکە، چەند خولەکێکی دیکە بەڕێدەکەوین، لێ بەر لە بەڕێکەوتنی فڕۆکە، باڵندەی ڕۆحی من هەڵدەفڕێ و دەگەیشتەوە لاتان...

---

٢٨ ـ ئۆرهان پاموك، ڕۆماننوسێکی تورکە و خەڵکی ئەستەنبوڵە، لە ساڵی (٢٠٠٦) خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرتووە، (بەفر) ناوونیشانی یەکێك لە ڕۆمانەکانیەتی، کە ڕووداوەکانی لە شاری (قارس) دەقەومێن، ئەم ڕۆمانە لەلایەن (بەکر شوانی)ەوە کراوەتە کوردی.

کیژەکەی من... فڕۆکە دەفڕێتە ئاسمان، دەڵێی کەسێکم چەند ساڵێکە، لە ماڵ و زێد و نیشتیمان دوور کەوتومەتەوە، خۆیشم نازانم بۆچی هێندە زوو تەمی غوربەت بلووری ڕووخسارم دەگرێ، دێوەزمەی دووری و دابڕان ئەو دڵەی من پەژموردە و پەرێشان دەکا! بۆچی وا خێرا سات بە سات دەژمێرم و ڕۆحم بۆ کوچە و کۆڵانەکانی نیشتیمان هەڵدەقرچێ و خەریکە هەلا هەلام دەکات... ئەو کات بیرم لەو کوردانەی خۆمان دەکردەوە کە لە هەندەران دەژیێن، بەتایبەت نووسەر و گۆرانیبێژ و ئەکتەرەکان... کە هەموو جارێ لەسەر شاشەی تیڤی دەڵێن: **"ئێمە تەنیا جەستەمان لە هەندەرانە، دڵ و ڕۆحمان هەر لە لای ئێوەیە و لە نیشتیمانە"**، ئێ باشە ئەگەر ئەوەندە ڕۆح و دڵیان لە کوردستانە، چۆن ئەو هەموو ساڵە بێ ڕۆح و دڵ هەڵدەکەن! بەڵام با ئەوەندەش خۆشگلەیی نەبین باشە، ئەوە گوتەیەکی مەجازییە و گوزارشتە لەوەی کە زۆر پەرۆش و شەیدای کوردستانن، نەك ڕۆح و دڵی حەقیقی، ئۆی پاداشت! دیسان کەوتمە ناو هەندێ زاراوەی لە وێنەی مەجازی[٢٩] و حەقیقی... کە جارێ زۆرت ماوە بەهۆیەوە سەرئێشەت بۆ پەیدا بکەم.

گوڵەکەی من... منداڵێك کە لەگەڵ دایبابی دوو سێ کورسی لە پێش ئێمەوە دانیشتبوون، سێ چوار جار شریتی خەیاڵ و یادەوەرییەکانی پچڕاندم، بەهۆی ئەوەی بە زمانێکی تا بڵێی ناسك و شیرین بە دایك و بابی خۆی دەگوت: **"بە**

---

٢٩ ـ مەجازی: پێچەوانەی حەقیقی، بەکارهێنانی وشەیەك بۆ مانایەکی دیکە، نەك مانا ڕاستەقینەکەی خۆی، لە هەمان کاتدا دەبێ پێوەندی بە مانا ڕاستەقینەکەیشیەوە هەبێ.

**سایەق تەیاریّ بێژن بلا ڕابوەستیت ئەم ل دهۆکێ دهێینە خاریّ"**. وردە وردە لە هەولێر نێزیك دەبینەوە، هەولێری لانکەی کۆنی ئادەمیزاد و مرواریی درەوشاوە و دێرینی سەر ڕووی گێتی، ئەو شارە غەریبدۆست و میواننەوازەی بە بووکی مێژوو و هێمای ژیان و ئاوەدانی دەناسرێت، کە بەو شەوە و لە ئاسمانێڕا سەیری هەولێر دەکەی دەڵێی گەورە بووکێکی بە متومۆرییە لە دەشتێکی چراخاندا ڕاکشاوە. فڕۆکە دەنیشێتەوە، پاش چەند دەقیقەیەکی دی بە یەکتری شاد و شوکر دەبینەوە، کە مۆبایلم دەکەمەوە دیسان بەر لە گەیشتن، دایکم تیلی کردووە، نازانم چ بڵێم! چونکە هەرچی بکەم و بڵێم، هەر وشە و ڕستە و دەستەواژەیەك بنووسم، ناتوانێ شان بدا لە شانی ڕێز و سۆز و گەورەیی دایك...

**ئەی شەماڵی نەشئە و سۆز و ئەوین**

**چاوگی میهر و خۆشەویستی و پاکیزەیی**

**دڵنیام گەر هەوری ڕەنجم**

**هەتا ماوە بارانی وەفا بڕژێنێ**

**کەچی ناگا**

**بە ڕووباری پشوودرێژی نوورینی پڕ بەزەیی تۆ**

**ئاخر کەی و چۆن دەکارێم**

**بگەم بە مەقامی بەرزت**

**لە کاتێکا**

**ژێرپێت باخچەی ئاخیرەت بێ**[٣٠]

ئەوە چییە پاداشت... کە لە فڕۆکە دادەبەزم و دەگەمە هۆڵی پێشوازیکەران، (کاڤار) پێشی هەمووان دەمبینێ و هاوار دەکا باباااااااااا... سەدای باباااااااااااکەی تێکەڵ بە دەنگەدەنگ و هەرا و زەنای ناو هۆڵەکە دەبێ و هێندە دەزانم لە ئامێزمدایە و گوڵی ماچ لە گۆنا و گەردنی یەکدی دەدەین، بەڵام تۆ یەکێك نیت لە پێشوازیکاران، تومەز خەو زۆری بۆ هێناوی و پێڕانەگەیشتی تا دوای سەعات یازدەی شەو چاوەڕوان بکەی، وەلێ حەتمەن فێڵێکت لەژێر سەردایە، ڕێك لە جێگەکەی من خەوتووی، تا کە هاتمەوە ماڵێ، لەو جێگایە بتگوازنەوە بۆ شوێنی خۆت، بە هۆیەوە خەبەرت بێتەوە و باوەشم پێدا بکەی...

**گوڵی من لە خەو ڕابە**

---

٣٠ ـ بەشێك لە شیعری (نمەبارانی وەفایەك)، لە نامیلکە شیعری (ڕازە سادەکانی بەفر، زیاد ڕەشاد قادر، سلێمانی، ٢٠٠٤).

## ئەزیزی دایە و بابە

## بە خوێندن و پەروەردە

## بنەخشێنە ئایندە

## هەنگاو بۆ سبەینێی جوان

## بنێ بەبێ ڕاوەستان[٣١]

نا پاداشت، دە جاریش ئەو شیعرەت بۆ بخوێنمەوە و بڵێم ڕابە، تازە لە خەو هەڵناستی، خۆ وەکو من خەوت سووك نییە، سەد جاریش ئەمسەر و ئەوسەرت پێبکەن بەخەبەر نایەی. بۆیە تا بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستیت و دەست دەکەیتە ملم و پرسیار بارانم دەکەی، **خوات لەگەڵ...**

**٤ تا ١٤ ی حوزەیرانی ٢٠١٤**

**ئەنقەرە، ئەستەنبۆڵ، هەولێر**

٣١ ـ بەشێك لە شیعری (پاداشت)، لە کۆشیعری (بابم چەترم بۆ دێنێ، زیاد ڕەشاد قادر، ئامادە بۆ چاپ).

# فەرهەنگۆك

ئاسانسۆر: سەرخەر، مەسعەد

ئانبۆلانس: ئیسعاف

ئۆقره: هەدا، ئارامی

ئەنگۆ: ئێوه

باليف: سەرین

بێدادی: ستەم، ناهەقی

پریاسکه: پرێسکه، بوخچه

پەڵپ: بیانوو، هەنجەت

پەسیره: هێشووی ترێی نەگەییو

تەوێڵ: نێوچەوان، هەنیه

تێنووس: پەڕه، دەفتەر

جاویدانی: هەمیشەیی، سەرمەدی

جیلوه: ناز و عیشوه

چەتوون: توش و لاسار

چەمەنزار: جێگایەك چیمەنی زۆر بێ

خەوش: عەیب، نەنگی

داژوا: لێدەخوڕێ

زیبا: جوان

زرێ: جلکی جەنگ

زەمبەر: خشڵ

سەرگوزشتە: هەقایەت و بەسەرهات

سەردولکە: بەمردوودا هەڵگوتن

شادوشوکر: شادبوون بە گەیشتنەوەی دۆست دوای ماوەیەك دوورکەوتنەوە

قەرەبروت: شتی زۆر سووتاو

قۆشمە: گاڵتەچی

کەنەفت: حاڵ پەرێشان، زەبوون

گوزارشت: تەعبیر

گوم: ون، بزر

گەه: گاه، کات

موروو: مۆری

مرواری: گەوهەرێکی درەوشاوەیە لە هەناوی سەدەفدا پەیدا دەبێ

مەرجان: بەردێکە لە جۆرە گیانەوەرێکی ئاوی دەردەهێنرێ

مەرخ: درەختێکە زوو ئاگر دەگرێ

هەنگینێ: ئەوسا

هەراوزەنا: هەراوهۆریا

# چاپکراوەکانی دیکەی نووسەر:

ــ رازە سادەکانی بەفر، شیعر، سلێمانی/ ٢٠٠٤

ــ کەروێشک خەو بە فیلەوە دەبینێ، چیرۆک بۆ منداڵان، هەولێر/ ٢٠١٠

ــ گوتوبێژ، گفتوگۆی رۆژنامەوانی، هەولێر/ ٢٠١١

ــ سۆمای پاکژ، چیرۆک بۆ منداڵان، هەولێر/ ٢٠١٢

ــ گوڵەئەستێرە، شیعر بۆ منداڵان، هەولێر/ ٢٠١٢

ــ زمان و میدیا، توێژینەوە، هەولێر/ ٢٠١٣

ــ منداڵێکی پایزنشین، شیعر، هەولێر/ ٢٠١٤

*** ئەم کتێبە، بە سوپاسەوە لەسەر ئەرکی ئەدەبدۆستێك ـ کە خۆی قایل نەبوو ناوی بێنین ـ چاپ کراوە.**